# پەروەردەی جووتزمانیی و ئارێشەکانی فێرکردنی زمانی دووەم لە سیستەمی پەروەردەدا

**ئاشتی ئەحمەد حەسەن[1]، ئومێد بەرزان برزو[2]**

[1] خوێندکاری ماستەر،وەزارەتی پەروەردە ، بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەلار، شاری کەلار، هەرێمی کوردستان، عێراق

[2] بەشی زمانی کوردیی،کۆلێجی پەروەردە ، زانکۆی گەرمیان، شاری کەلار، هەرێمی کوردستان، عێراق

Corresponding author's e-mail: master007@garmian.edu.krd

## پوختە:

زمان و پەروەردە، دوانەیەکی لێکدانەبڕاون، زمان وەک ئامرازێکی گرنگ لە کۆی کایەکانی ژیاندا کاریگەریی بەرچاوی هەیە، شادەماری پرۆسەی پەروەردەیە، ڕۆڵی گرنگی لە گەشەی کۆزانیاریی زمانی و کۆزانیاریی گشتیی قوتابیاندا هەیە، ئەگەر زمان لە پرۆسەی پەروەردە دەربکەین، ئەوا پەروەردە توشی شەلەل دەبێت، پەروەردەش وەک بوارێکی گرنگ ڕۆڵی بەرچاوی لە بونیادنانی کۆی بوارەکانی تردا هەیە، چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ زمان و پەروەردەدا پێویستی بە وریایی و بڕیاری ژیرانە و سیاسەت و پلانی گونجاو هەیە، پەروەردە بە زمانی دووەم پێش تەمەنی (١٠-١٢) ساڵی کۆمەڵێک گرفتی پەروەردەیی، دەروونی، کۆمەڵایەتی، زمانی،...تد هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا فێربوون و فێرکردنی زمانی بیانی گرنگی و بایەخی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام دەبێت بەپێی ڕێنمای و لەژێرچاودێری و لە تەمەن و کاتی گونجاودا بێت و بە پلان و سیاسەتی زمانی و پەروەردەیی گونجاو بەکاربخرێت، نابێت زیانەکانی لە سوودەکانی زیاتر بێت و کاریگەریی خراپ بکاتە سەر زمانی دایک.

**کلیله وشه** ( زمانی دایک، زمانی دووەم، پەروەردەی جووتزمانیی، لێهاتوویەکان، ئاریشەکان).

## الملخص:

اللغة والتعليم توأمان لا ينفصلان، للغة ، كأداة مهمة في جميع مجالات الحياة ، تأثير كبير ، فهي عصب العملية التعليمية، وتلعب دورًا مهمًا في تنمية المعرفة اللغوية والمعرفة العامة للطلاب، إذا استبعدنا اللغة من العملية التعليمية، فسيصاب التعليم بالشلل، والتعليم كمجال مهم له دور كبير في بناء جميع المجالات الأخرى، إن كيفية التعامل مع اللغة والتعليم يتطلب قرارات متأنية وقرارات حكيمة وسياسات وخطط مناسبة، تعليم اللغة الثانية قبل سن 12-10 سنة له عدد من المشاكل التربوية والنفسية والاجتماعية واللغوية وغيرها، ومع ذلك، فإن تعلم وتعليم لغة أجنبية له أهمية خاصة، ومع ذلك ، يجب أن يتم توجيهها والإشراف عليها، في العمر والوقت المناسبين، واستخدامها وفقًا للخطط والسياسات اللغوية والتعليمية المناسبة، يجب ألا تفوق الأضرار الفوائد ولا يجب أن يكون لها تأثير سلبي على لغة الأم.

**مفتاح الكلمة** (لغة الأم ، لغة ثانية ، تعليم ثنائي اللغة ، مهارات ، مشاكل)

| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| DOI Link | http://doi.org/10.32410/huj-10432 |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٢/٨/١٥ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٩/١٢ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٢/١٢/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | master007@garmian.edu.krd |
| مافی چاپ و بڵاوکردنەوە | ©٢٠٢٢ ئاشتی ئەحمەد حەسەن،پ.د. ئومێد بەرزان برزو،گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

**Abstract:**

Language and education are inseparable twins. Language, as an important tool in all areas of life, has a great impact. It is the backbone of the educational process, and plays an important role in the development of general knowledge on language and general knowledge of students as well. If we exclude language from the educational process, education will be paralyzed, and education as an important field has a great role in building all the other areas of life, how to deal with language and education ,needs attention to careful decisions, wise decisions, appropriate policies and plans, learning second language education before the age of 10-12 years, there are a number of educational, psychological, social, language, etc. problems., psychological, social, linguistic and other problems, however, learning and teaching a foreign language has particular importance, however, should be directed and supervised, at the appropriate age and time, and used in accordance with appropriate language and educational plans and policies, the negative effects must not exceed the benefits nor should they have a negative impact on the mother tongue.

**Keyword:** (Mother language, second language, bilingual education, skills, problems).

## پێشەکی:

### ١/٠) ناونیشانی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە بەناونیشانی ((پەروەردەی جووتزمانیی و ئارێشەکانی فێرکردنی زمانی دووەم لە سیستەمی پەروەردەدا))، کە تیایدا باس لە فێربوون و فێرکردنی زمانی دووەم و کاریگەرییە زمانیی و نازمانییەکانی پەروەردەی جووتزمانیی لە سیستەمی پەروەردەدا کراوە.

### ٢/٠) گرنگی توێژینەوەکە:

پەروەردە، بوارێکی گرنگ و هەستیارە و کاریگەریی بۆ سەرجەم جومگە بنەڕەتییەکانی تر هەیە بۆ ئێستا و داهاتوو، ئەم توێژینەوەیە زەنگێکی ئاگادارکردنەوەیە بۆ داڕێژەرانی سیاسەت و پلانی پەروەردەیی و زمانیی، مەترسی و زیانەکانی پەروەردە بە زمانی بیانی دەخاتە ڕوو.

### ٣/٠) ڕێبازی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە بە ڕێبازیی پەسنی شیکاری کاردەکات.

### ٤/٠) بەشەکانی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە، جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان، بەگشتی توێژینەوەکە بەسەر دوو پار و چەند وەچەپارێکدا دابەشکراون.

١) فێربوون و فێرکردنی زمانی دووەم لە سیستەمی پەروەردەدا:

فێربوونی زمانی دووەم و زۆربوونی قوتابخانە تایبەتەکان، کە خوێندن تێیاندا بە زمانی بیانییە، بەشێوەیەکی خێرا لە هەرێمی کوردستان ڕوو لە زیادبوون دەکات، فێربوونی زمانی دووەم، لەم سەردەمەدا گرنگە و بایەخی تایبەتی هەیە و بە بواری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و بازرگانی و...تد تێکەڵبووە، بێگومان ناکرێت، گرنگییەکەی نادیدە بیگیرێت و زۆربەی وڵاتان گرنگی تایبەتی پێدەدەن، چونکە (زمان لە ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و پەروەردەیی ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت)(عەبدوڵڵا، ٢٠١٦: ٣٤)، لە پرۆسەی پەروەردەدا کردەی فێرکردنی زمانی دووەم لە ڕێگەی پرۆگرام و ستراتیژەکانی فێربوونەوە دەکرێت، چونکە فێرکردنی زمانی دووەم بەبێ ستراتیژیی فێربوون بەدینایەت، باشترین ستراتیژ ژینگەی قوتابخانە و پرۆگرامەکانی خوێندنەوەیە، دەبێت جۆرێک لە ئازادی و ئارەزوومەندانە بە فێرخواز

بدرێت، تاوەکو ئارەزووی بۆ فێربوونی زمانی دووەم هەبێت، دەبێت شارەزابکرێت لە کەلتوور و فەرهەنگی زمانی دووەمدا (بۆ زانیاریی تر، بڕوانە: کریم، ٢٠١٩).

پرۆسەی فێربوونی زمانی دووەم جیاوازترە لە فێربوونی زمانی یەکەم، چونکە (ئارەزووی فێربوون بۆ زمانی دووەم پێویستە لەگەڵ سەرنجدان و بەدواداچوونی، بەڵام زمانی یەکەم بەئارەزوویێت یان بەخورتی، هەر لە منداڵییەوە وەک حاڵەتێکی ئۆتۆماتیکی فێری دەبین و منداڵ و فێربووانی زمانی یەکەم هەموو شتێک دەربارەی دونیا لە زمانەکەیانەوە وەردەگرن، لەکاتی فێربوونی زمانی دووەمدا باڵانسی نێوان کۆدەکانی زمانی دووەم و ئەو چەمکە پێشینیانەی پێشتر فێریانبووین، ڕێک نییە، بەتایبەت لە بواری لێهاتووییەکان و چارەسەری گرفتەکاندا)(فەرەج و مەحمود، ٢٠١٣: ٨١). فێربوونی زمانی دووەم بابەتێکی فراوان و ئاڵۆزە، تەنها (لەبەرکردنی لیستێک وشە و دەستەواژە و چەمکی نوێ نییە، کە دەشێت هاوتای زمانی یەکەمی بێت)(عەبدوڵلا، ٢٠١٦: ٣٤)، بەڵکو فێربوونی زمان سەرەڕای ئەوانە (کەسی فێربوو دەبێت دەسەڵاتی بەسەر لایەنی کەلتووری و کۆمەڵایەتی و واتا سیمانتیکی و پراگماتیکییەکانی وشەکان، خستنەتەکیەکیان و دروستبەکارهێنانیاندا بشکێت)(عەبدوڵلا، ل٣٤)، ئەوەی جێگەی سەرنجە، ئەوەیە ئامرازی زمانی و دەزگاکەی لە مرۆڤدا تایبەت نییە بە زمانێکی دیاریکراوەوە، کە تەنها فێری یەک زمان ببین و دواتر نەتوانین فێری زمانێکی دیکە ببین، بەڵکو (دەزگای زمانی لای مرۆڤ کراوەیە و توانستی فێربوونی چەندین زمان لەخۆدەگرێت، هەرچەندە هێزی بەکارهێنانی ئەم زمانانە لەیەکتر جیاوازیش بن)( فەرەج و مەحمود، ٢٠١٣: ٨١). سەرەڕای ئەو سوودانەی فێربوونی زمانی دووەم بەتایبەتی لە هەمەجۆرکردنی زمان هەیەتی، بەڵام دەبێت بە وریاییەوە لەم بابەتە بڕوانین، بۆ ئەوەی زیانەکانی لە سوودەکانی زیاترنەبن و زمانی دووەم هەژموونی خۆی بەسەر زمانی یەکەمدا نەسەپێنێت، چونکە (فێربوونی زمانی دووەم ڕووبەرێکی فراوانی داتا زمانییەکان دەگرێتەوە لە پاڵ ئەوگەنجینە زمانی و ڕێزمانییەی، کە مرۆڤ لە زیگماکیدا زمانی پڕاوە، کەرەستە فەرهەنگییەکان و تەرزە سینتاکسییەکانی زمانی دووەم منداڵ یان گەورە فێردەبێت و ڕۆڵێکی بەرچاوی لە جۆراوجۆریی زمانیدا هەیە، بەتایبەت ئەگەر هاتوو فێربوونی زمانەکە لەسەر ئاستێکی فراوانی جڤاتە کۆمەڵایەتییەکان بێت، بەڵام لەگەڵ هێنانی جۆراوجۆری زمانیشدا پێویستدەکات، پلان و سیاسەتی زمانی زگماکیش تەریب بێت، بۆ ئەوەی پرۆسەی جۆراوجۆرەکە نەگۆڕێت بۆ هەژموون وەرگرتنی زمانی دووەم بەسەر زمانی یەکەمدا)(فەرەج و مەحمود ،ل٨١)، واتە ((زمانی یەکەم دەبێت باشترین بێت و هیچ کەس گلەیی لەوە نەبێت، کە زمانی دایکی بەباشی نازانێت، ئەگەر حاڵەتی لەم جۆرە هەبوو، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی زمانی یەکەم وەک پێویست دانەمەزراوە و گرنگی پێنەدراوە))(فەرەج و مەحمود، ل٨٤)، هەر لەم ڕوانگەیەشەوە زۆربەی سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، (دەبێت قوتابی بەتایبەت لە قۆناغی سەرەتایی لێهاتوویی تەواو لە زمانی دایکی بەدەستبهێنێت، ئینجا زمانێکی تری فێربکرێت، بۆ ئەوەی بتوانن بەرەو پێش بچن)( کلانتری وئەوانیتر، ١٣٩٠: ١٠).

## ٢/١) پاڵنەرەکانی فێربوون و فێرکردنی زمانی دووەم :

لەو توێژینەوانەی کە لەسەر فێربوونی زمانی دووەم کراون، بەگشتی دوو جۆر پاڵنەر دەستنیشانکراون:

پاڵنەری یەکەم: پەیوەندیی بە ئاگایی فێرخوازەوە لە سوودەکانی زانین و شارەزابوونیدا هەیە. ئەم جۆرە سوودەکانی لە پێویستییەوە سەرچاوەیگرتووە، فێربوونی زمان وەک ئامرازێکی پراکتیکی بۆ پەیوەندیکردن و تێگەیشتن بۆ شارەزابوون لێی بۆ دەستەبەرکردنی داهاتوویەکی باشتری پیشەیی و بژێوی ژیان، بەدەستهێنانی زانیاری و سوودوەرگرتن لە سەرچاوە بۆ دەوڵەمەندکردنی کۆزانیاری و ...تد دەگرێتەوە .

پاڵنەری دووەم: پاڵنەرەکان بۆ فێربوونی زمانێک ڕەنگە لە خواستی فێرخوازەوە سەرچاوە بگرن بۆ هاوئاهەنگی لەگەڵ ئەوگروپەی، کە بەو زمانە قسەدەکەن، یان لە سەرسامی و ڕێزگرتنی ئەو بۆ ئەوگروپە و خواستی نیشاندانی پەیوەندیی خۆی لەگەڵیدا، تەنانەت هەندێکجار لە ڕوانگەیەکی ئایدۆلۆژییەوە، خۆی فێری زمانێکی تر دەکات بۆ قسەکردن لەجیاتی زمانی دایکی، یاخود ئەگەر بەتەواویش ئەو زمانە بەکارنەهێنێت، ئەوە وشەی ئەو زمانە تێکەڵ بە قسەکانی دەکات لەکاتی قسەکردندا، نموونەی ئەمەش زۆرجار لە کوردستاندا دەبینرێت، بۆ نموونە مەلاکان زۆرجار وشەی عەرەبی تێکەڵ بە قسەکردنیان دەکەن، یان ئەوانەی کاریگەرن بە بیرو ئایدیای ڕۆژئاوا، دەبینین زۆرجار

وشەی ئینگلیزی تێکەڵ بە قسەکانیان دەکەن.

## ٣/١) مەرجەکانی خوێندن بە زمانی دووەم :

خوێندن و فێرکردنی زمانی دووەم وابەستەی ئەم مەرجانەیە: (حسین، ٢٠٢١: ٢٥٣)

١- تەمەن: توێژینەوەکان ئەوەیان پشتڕاست کردووەتەوە، کە نابێت، منداڵ پێش تەمەنی (١٠) ساڵی پێڕەوی زمانەکەی بە خوێندنی زمانی دووەم بشێوێنێت.

٢- کات (ڕۆژانە چەند کات دیاریکراوە بۆ ئەو زمانە بخوێنرێت)، ئەگەر دوای تەمەنی (١٠) ساڵیش، زمانی دووەم لە کردەی پەیوەندیی و فێرکردندا پیادەکرا، دەبێت کاتی دیاریکراوی بۆ دابینبکرێت، هەڕەمەکی نەبێت و بە پلان بێت و لە چ کاتێکی دەوامدا بێت، دەستنیشانبکرێت.

٣- ئاستەکانی پەروەردەو فێرکردن، بەهیچ جۆرێک نابێت لە باخچەی ساوایان و بازنەی یەکەمی قۆناغی بنەڕەتی (١، ٢، ٣) جووتزمانی پیادەبکرێت.

٤- سەرنجڕاکێشان و هاندان و بەکارهێنانی زمانی دووەم.

٥- دووبارەکردنەوە و بڕ و چۆنیەتی و بەرجەستەکردنی زمانی دووەم وەلانانی زمانی دایک.

6- پەیوەندیی زمانی دووەم لەگەڵ زمانی یەکەمدا و لە کاردا بوونیان.

## ٤/١) فێربوونی زمانی دووەم و بەدەستهێنانی لێهاتووییەکان:

کارامەیی یاخود لێهاتوویی یان توانا کۆمەڵێک وشەن، بەرانبەر بە شتێک یاخود کردەیەک بەکاردەهێنرێن، کە کەسێک فێربووبێت، یان توانای ئەنجامدانی هەبێت، بەشێکی زیگماکییە و بەشەکەی تری لە ئەنجامی ڕاهێنان و پرۆسەیەک بەدەستدەهێنرێت، بۆ نموونە توانای ڕێکردن هەموو مرۆڤێکی لەشساغ بە زیگماک لە تەمەنێکدا توانای ڕێکردنی دەبێت، بەڵام بازدان و مەلەکردن و لێخوڕینی ئۆتۆمبێل پێویستی بە ڕاهێنان و فێربوونە. سەبارەت بە زمان لێهاتووییەکانی زمانیش زۆرن، (لیڤاندۆڤسکی) لە پێناسەی لێهاتوویی زمانیدا دەڵێت: (سیستەمی یاسا و ڕێساکان دەگرێتەوە، نوێنەرایەتی ئاوەز دەکات، وا لە قسەکەر دەکات، لە ڕستەکان تێبگات و بیرۆکەکانی بە توانا بکات)(بن محمد، ٢٠١٥: ١٢٣).لێهاتوویی زمانیی بە لێهاتوویی پەیوەندیگرتن(communication) ناودەبرێت، ئەم زاراوەیە بۆ یەکەمجار لە لایەن (دیل هایمز)ەوە بەکارهێنرا، پێوایە کە چەمکی"توانا" کە چۆمسکی بەکاریهێناوە، گشتگیر نییە، بۆ هەموو جۆرەکانی پەیوەندیی، (دیل هایمز) بەم شێوەیە پێناسەی لێهاتوویی زمان دەکات (بریتییە لە کۆمەڵە توانایەک بۆ فێربوون و بەکارهێنانی زمان لە ڕێگەی پەرەپێدانی پەیوەندیی و توانا زمانییەکانەوە پەرەیسەندووە، پەرەپێدانی پەیوەندیی و تواناسازیی زمان و ئاخاوتن و نووسین لە بوارەکانی لێهاتوویی پەیوندین. لەناو دامەزراوەی فێرکردندا، پەیوەندیگرتن پێویستی بە زانینی ڕێسای پێکهاتەی زمانیی (دەنگسازی، وشەسازی، ڕستەسازی)، باری کۆمەڵایەتی قسەکەر و گوێگر هەیە. ئەم توانا زمانییە بەشێکە لە کۆزانیاریی زمانی بە پێی ئەو چوارچێوەیەی کە دیاردە زمانی تێیدا ڕوودەدات، بەکاردێت) (بن محمد٢٠١٥:١٢٣). (مایکل کانال) و (میرل سوین) چوار جۆر لێهاتوویی زمانییان جیاکردووەتەوە (براون، ١٩٩٤: ٢٤٥-٢٤٦):

١- لێهاتوویی ڕێزمانی: واتە زانینی یاسا و ڕێسا ڕێزمانییەکان و بەکارهێنانی لە جێگای خۆیدا.

٢- لێهاتوویی قسەکردن: واتە توانای بەستنەوەی ڕستەکان بۆ پێکهێنانی گوتارێک و پێکهێنانی پێکهاتە واتادارەکان لە زنجیریەکدا.

٣- لێهاتوویی زمانی کۆمەڵایەتی: ناسینی ڕێسا کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکانی زمان و ئاخاوتنە، پێویستی بە تێگەیشتنی ئەو چوارچێوە کۆمەڵایەتییە هەیە، کە زمان تێیدا بەکاردێت.

٤- لێهاتوویی ستراتیژی: بە بڕبڕەی پشت بۆ تێگەیشتن و پرۆسەی پەیوەندیگرتن پەسنیان کردووە.

## ٥/١) لێهاتووییەکان و سیستەمی پەروەردە :

لە فێربوونی زمانی دووەمدا، هەشت لێهاتوویی زۆر جەختی لەسەر دەکرێتەوە لە پرۆسەی پەروەردەدا، ئەوانیش (گوێگرتن، ئاخاوتن، خوێندنەوە، نووسین ، نمایشکردن، پێکهێنان، بینین، بزواوی) دەگرێتەوە (بڕوانە: فەقێ ئەمین، ٢٠١٥: ١٢٧):

١- لێهاتوویی گوێگرتن: تێگەیشتن و هەڵهێنجاندن لە کردە زارەکییەکان، لە ڕێگەی خوێندنەوە و ئاخاوتن لەسەر بابەت و وشە و دەق و وێنەکان.

٢- لێهاتوویی ئاخاوتن/قسەکردن: بونیادنانی دەربڕاو و دەرکردەی واتادار، وەک گفتۆگۆکردن و ئاخاوتن لەسەر بابەت و وشەو دەق و وێنەکان.

٣- لێهاتوویی خوێندنەوە: تێگەیشتن لە دەقی نووسراو، لە ڕێگەی خوێندنەوەی دەق و چیرۆک.

٤- لێهاتوویی نووسین: بەرهەمهێنانی دەقی/ئاخاوتنی/نووسراو، نووسینی پیت و هێما و پیشاندانیان.

٥- لێهاتوویی نمایشکردن: ئامادەبوونی هێما بینراوەکان /زانیاری، پیشاندانی هێماکان و دەرخستنیان.

٦- لێهاتوویی پێکهێنان: بەکارهێنانی مەبەستی بینراوی دەربڕین، ڕێکخستنی هێماکان بە شێوەی یاری هێڵکاری.

٧- لێهاتوویی بینین: ئامادەیی بزواو و جوڵاوی، پیشاندانی ڤیدیۆ.

٨- لێهاتوویی بزواوی: بەکارهێنانی هەموو جەستە، زمانی جەستە، لاسایکردنەوە و چالاکی.

## ٦/١) پێوەرەکانی ڕێکخراوی یونسکۆ تایبەت بە فێرکردنی زمانی یەکەم و دووەم:

لە ئێستادا زمان لە هەرشتێکی تر زیاتر بووەتە ناسنامەی نەتەوە و قەڵغان بۆ پاراستنی نەتەوە و کەلەپور و فەرهەنگ و مێژوو و شارستانیەتییەکەی، هەوڵدان بۆ پاراستنی زمان واتە پاراستنی هەموو ئەوانە لە لەناوچووون، هەر لەبەر ئەمەشە ڕێکخراوی یونسکۆ هەوڵی پاراستنی زمان دەدات.

یونسکۆ لەمێژە دانی بەوە داناوە، کە زمانی فێرکردن و زانینی زمانەکان ڕۆڵی سەرەکی لە پرۆسەی فێربووندا دەگێڕن، لە ڕاپۆرتی چاودێری جیهانی یونسکۆ(٢٠٠٨) جەخت لەسەر گرنگی فێرکردن بە زمانی دایک لە منداڵانی بچوک و ساڵانی سەرەتای خوێندن دەکاتەوە، جگە لە ئامانجی دەستڕاگەیشتن بە دەستکەوتی پەروەردەیی بە شێوەیەکی یەکسان بۆ هەمووان، یونسکۆ داکۆکی لەوە دەکات، کە ئامانجی پاراستنی زمانی یەکەمی منداڵان و پاراستنی هەمەجۆریی زمانی جیهان پێویستی بە هەوڵی چڕ هەیە بۆ دڵنیابوون لەوەی منداڵان مافی فێربوونیان بە زمانی دایکییان دەستەبەر ببێت، لەو وڵاتانەی کە تاکزمانن و ڕێگە نادەن، منداڵان بە زمانی دایکیان بخوێنن، یونسکۆ پێشنیازی پەوەردەی جووتزمانییان بۆ دەکات، بۆ ئەوەی منداڵان لە فێربوون بە زمانی دایکییان بێبەشنەبن (Ball, p57).

یونسکۆ جەخت لە چەند خاڵێک دەکاتەوە (Ball, p57):

١- خوێندن بە زمانی دایک گرنگە بۆ گەشەی زمان بەگشتی و گەشەی کۆزانیاریی منداڵ.

٢- ئەو منداڵانەی بە یەک زمان (زمانی دووەم) گەورە دەبن، پێویستە بڕگەکانی پەروەردە پشتگیرییان بکات، بۆ ئەوەی شارەزابن لەو زمانەدا، پێش ئەوەی بەشداری لە کاری ئەکادیمیدا بکەن بە زمانی دووەم.

٣- بۆ بەدەستهێنانی شارەزایی شەش بۆ هەشت ساڵی دەوێت، واتە بە لایەنی کەمەوە نابێت لە قۆناغی سەرەتایی دەست بە خوێندنی ئەکادیمی بکرێت بە زمانێکی تر.

یونسکۆ جەخت لەوە دەکاتەوە، باشترین زمان بۆ پەروەردە، زمانی دایکە، بەڵام ئەگەر هاتوو ئەم مافە بە منداڵ نەدرا، ئەوا پێشنیازی جووتزمانی دەکات، لەسەر بنەمای زمانی دایک، چونکە زمانی دایک دەستکەوتی ئەکادیمی گشتی بە منداڵان دەگەیەنێت، لەگەڵ متمانە بەخۆبوون و شانازی کەلتوورییان. هەروەها ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، لە قۆناغی سەرەتایدا دەبێت بەو زمانە بخوێنێت، کە بە باشی دەیزانن،

پاشان دەکرێت بە زمانێکی نێودەوڵەتی یان زمانێکی تر بخوێنێت، یونسکۆ ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات، دەستکەوتەکانی خوێندن زیاترە، کاتێک منداڵان بە زمانی دایکیان پەروەردەدەکرێن، چونکە بەدرێژایی خوێندنی سەرەتایی بە زمانی دایکیان لە کاتی خوێندنی سەرەتاییدا ئاشنادەکرێن، لە پەرەپێدانی توانای پەیوەندیگرتن و فێربوون بە هەردوو زمانەکە بە درێژایی قوناغی ناوەندی بەردەوامدەبن(Ball, p58).

هەروەها یونسکۆ ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، بە دەستهێنانی زمانێک بریتییە لە فێربوونی ئەو کەلتوورەی کە لە ڕێگەی زمانەکەوە دەردەبڕێت، بە بەکارهێنانی زمانی ماڵەوە لە پرۆسەی پەروەردەدا ناسنامەی کەلتووری دەپارێزێت، لە هەمانکاتدا بەدەستهێنانی زمانێکی زیادە پەیوەندیی و تێگەیشتنی نێوان کەلتوورەکان بەرەوپێش دەبات، ئەو کاتەی کۆمەڵگا لە خەباتدایە بۆ پاراستن و زیندووکردنەوەی زمانێکی ڕەسەن، ئەوە پەروەردە دەتوانێت کاریگەریی ئەرێنی لە پاراستن و بەزیندوو هێشتنەوەی ئەو زمانەدا هەبێت (Ball, p58).

یونسکۆ لە ڕاپۆرتەکەی (٢٠٠٨) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، پەروەردەی جووتزمان/فرەزمان کاتێک سەرکەوتوو دەبێت، لە لایەن پەروەردەکارانی لێهاتوو و مامۆستایانی منداڵانی سەرەتاییەوە دەستیان بە سەرچاوە دەوڵەمەندەکانی زمانی یەکەم بگات، لەوانەش سەرچاوەی نووسراو و هەوەها دەبێت پاڵنەریان هەبێت بۆ فێربوونی زمانی یەکەم و زۆرێک لەو شوێنانە پێویستی بە ڕوونکرنەوە و تێگەیاندنی دایکان و باوکان و ئەندامانی دیکەی کۆمەڵ هەیە سەبارەت بە گرنگی و نرخ و بەهای زمانی دایک و ڕەواندنەوەی نیگەرانییەکانیان لەسەر پەروەردە بە زمانی دایکیان بەدرێژایی قۆناغی سەرەتایی، فێربوونی زمان لە ماڵەوە و سەنتەری خێزان، بناغەی سەرکەوتنی منداڵانە لە قۆناغی سەرەتایی و خوێندنی فەرمیدا.

بەپێی ڕاپۆرتی یونسکۆ (٧١٠٢) زمان لە جیهاندا هەیە، (٦٠٠٠) زمان کە قسەی پێدەکرێت، مەترسی لەناوچوونیان لەسەرە، بە پێی ڕاپۆرتێکی دەزگا ڤیژواڵ زمانی کوردی تەنها (کرمانجی سەروو) جگە لە زارەکانی تر لە پلەی (٧٧)ی زمانەکانی هیندۆئەوروپیدایە https:// www.visualcapitalist.com/100-most-spoken-languages/)، هەڵبەت ئەمە لەسەر ئاستی جیهان لەسەر ئاستی ناوخۆیش (عێراق)، زمانی کوردی لە دوای زمانی عەرەبی وەک دووەم زمانی ستاندارد لەسەر ئاستی عێراق لە دەستووری عێراقیدا هاتووە. وەک لە (7/1) ئاماژەمان پێداوە.

بەپێی بڕیاری کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان (٢٥٤٢)(د٠٤٢) لە (١١)ی کانوونی یەکەمی (١٩٦٩)دا، هەموو نەتەوە و کەسێک بەبێ هیچ جیاوازییەک بە ئەگەرەکانی( ڕەگەز، توخم، ڕەنگ، زمان، ئاین، ڕەگەزنامە، بنەچە، مەڵبەندی خێزانی و کۆمەڵایەتی، قەناعەتی سیاسی و غەیرە سیاسی) مافی ژیانێکی ئازاد و شکۆمەند و بەکەرامەتیان هەیە(سورمێ، ٢٠٠٩: ١٣٩-١٤٠). واتە خوێندن بە زمانی دایک یەکێکە لە مافە سەرەتاییەکان، ڕێگریلێکردن و قەدەغەکردنی پێشێلکردنی مافەکانیەتی، چونکە خوێندن بە زمانی دایک یەکێکە لە مافە گرنگ و پربایەخەکان و پێویستە هەموو تاکێک ئەو مافەی هەبێت.

لە پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و پۆلەتیکییەکان بە بڕیاری کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان (٢٢٠٠ أ) لە (١٦)ی کانوی یەکەمی (١٩٦٦)دا هاتووە، ئەو دەوڵەتانەی کە کەمینەی ئاینی و زمانییان تێدایە، نابێت کەسانی سەر بەو کەمایەتییانە کەلتوور و ئاینی خۆیان و بەکارهێنانی زمانەکەیان قەدەغەبکرێت(سورمێ: ٩٠)، بۆ نموونە خوێندنی زمانی بیانی لە یەکێتی ئەوروپا لە کۆتاییەکانی قۆناغی سەرەتایی یان لە سەرەتای قۆناغی ناوەندیی دەستپێدەکات، جگە لە وڵاتی ماڵتا، کە پەروەردەی زمانی بیانی لە تەمەنی شەش ساڵییەوە و فینلاند لە تەمەنی دە ساڵییەوە دەستپێدەکات، 9% قوتابیانی یەکێتی ئەوروپا ئینگلیزی فێردەبن و 33% قوتابیان زمانی فەرەنسی فێردەبن. لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەوە ئوسترالیا سیاسەتی زمانی خۆی لەبەرچاوگرتووە و ڕێگەی بە فێرکردنی زمانی بیانی داوە، لە ساڵی (2000) ەوە چەندین زمانی بیانی چوونەتە ناو قوتابخانەی ناوەندییەوە. لە ئەمریکا زۆربەی قوتابخانەکانی سیستەمی پەروەردەیی ئەمریکا لە قۆناغی ئامادەییدا زمانی بیانییان فێردەکەن و لە هەندێك لە قوتابخانەش لە قۆناغی ناوەندیدا زمانی بیانییان فێردەکەن، ئامارێکی ساڵی (2009) لە لایەن سەنتەری زمانی جێبەجێکارییەوە ئاشکرایکرد، کە ئیسپانی بەناوبانگترین زمانی بیانییە لە قوتابخانەکانی ئەمریکا بەهۆی زیادبوونی ژمارەی کۆچبەرانی ئیسپانییەوە(الحارثي،2011: ٤).


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

ئەم ڕاستیانە دەریدەخەن، فێرکردنی زمانی بیانی لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا زۆرجار لە قۆناغی ناوەندی بەزۆری لە پۆلی حەوتەم یان لە قۆناغی ئامادەییەوە دەستپێدەکات، ئەمەیش پێچەوانەی ئەوەیە کە لە هەرێمی کوردستان ڕوودەدات.

## ٧/١) دەستوورەکانی عێراق و یاسای زمانە فەرمییەکان لە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردندا:

دوای ئەوەی کە لە (١٩٢٥)دا کۆمەڵەی گەلان بڕیاریدا، کە باشووری کوردستان بخرێتە سەر عێراق، لە (٢١/ئاداری/١٩٢٥)دا، یەکەم دەستووری عێراق بەناوی (قانون ئەساسی عێراق) هەموارکرا، دەستوورەکەش لە (١٢٣) مادده پێکهاتبوو، لە ماددەی (١٦)یەمدا هاتبوو ((هەموو تایەفەیەک حەقی ئەوەی هەیە، کە بۆ فێرکردنی ئەفرادی خۆی بە زمانی خۆی مەکتەب دانێ، مەحافەزەی زمانەکەی بکات، بەشەرتێ کە موافق ئەو پرۆگرامی عمومیە بێ، کە قانون دایدەنێت)) (جامباز، ٢٠٠٥: ٥-٩). واتە سەرجەم نەتەوەکان مافی خۆیانە بە زمانی نەتەوەی خۆیان بخوێنن و پارێزگاری لە زمانەکەیان بکەن.

دواتر لە دەستووری کاتی (١٩٥٨) و دەستووری (١٩٦٣) و (١٩٦٤) ئاماژە بە بوونی نەتەوەی کورد لەپاڵ نەتەوەی عەرەبدا کراوە، بەبێ ئەوەی ئاماژە بە هیچ زمانێک بکات، بەڵام زمانی کوردی و زمانی عەرەبی لە پارێزگای سلێمانی دوو زمانی فەرمی بوون (برزو، ٢٠١٦: ١٤). لە بەیاننامەی (٢٩ی حوزەیران١٩٦٦) لە بەندی سێیەمدا هاتووە، کە وا حکومەت بەفەرمی دان بە زمانی کوردی لەتەک زمانی عەرەبیدا دەنێت(جامباز،٢٠١٤: ١٨).

پاش ڕێککەوتنی (١١)ی ئازاری (١٩٧٠)ی نێوان کورد و حکومەتی عێراق لە دەستووری عێراق ژمارە (٧٠٩٢) بەندی (٥/ب) لە (١٦/٧/١٩٧٠) دا هاتووە:( گەلی عێراق لە دوو نەتەوەی سەرەکی پێکهاتووە، ئەوانیش نەتەوەی عەرەب و نەتەوەی کوردە، ئەو دەستوورە دان بە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد و مافە ڕەواکانی تەواوی کەمایەتییەکاندا دەنێت لە چوارچێوەی یەکێتی عێراقدا) (سورمێ، ٢٠٠٩: ١٣٩-١٤٠)، بەڵام لە ساڵی (١٩٧٤) لەم ڕێککەوتنامەیە پاشگەزبوویەوە و حکومەتی عێراقی دەستیدایە پەلاماردان و ڕاماڵین و بەعەرەبکردنی ئەو ناوچانە لە کوردستاندا و زیاتر لە (٥٠٠٠) گوند وێرانکران و زیاتر لە (٢٨) هەزار خێزانی کورد لە ناوچەکانی سەر سنور ڕاگوێزران (ۆچ، ٢٠٠٤: ٨١-٨٣).

پاش پرۆسەی ئەنفال بە فەرمانی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی و نووسینگەی تەنزیمی شیمالی بە ژمارە(٧١) لە (١٨/٣/١٩٨٩) کە ئاراستەی پارێزگاکانی هەولێر و دهۆک و سلێمانی کراوە، بەناونیشانی (الدراسة الكردية) و تێیدا ئاماژە بەوە دەدات، پاش کۆتایهێنان بە پرۆسەی ئەنفال، پێویستە سەرلەنوێ چاو بە سیستەمی خوێندن بخشێنرێتەوە و بۆ ساڵی خوێندنی (١٩٨٩-١٩٩٠) خوێندن لە سەرجەم قوتابخانەکاندا بە زمانی عەرەبی بێت (برزو، ٢٠١٦: ١٤).

لە دەستووری کۆماری عێراق (٢٠٠٥)دا لە مادەی (٤) هاتووە، کە ((هەردوو زمانی عەربی و کوردی زمانی فەرمین لە عێراقدا، مافی سەرجەم عێراقییەکان پارێزراوە لە فێرکردنی ڕۆڵەکانیان بە زمانی دایکیان وەک تورکمانی، سریانی و ئەرمەنی لە دەزگاکانی فێرکردنی دەوڵەتدا مسۆگەردەکات بەپێی یاسا پەروەردەییەکان یان هەر زمانێکی دیکە لە دەزگای فێرکردنی تایبەتدا))(دەستووری کۆماری عێراق، ٢٠٠٥). بێگومان ئەم هەنگاوە بۆ کورد و چەسپاندنی لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، هەنگاوێکی گەورە و مێژووییە.

هەرێمی کوردستان تاوەکو ئێستا نەیتوانیوە، ببێتە خاوەنی دەستووری خۆی، بەڵام لە (٢٤/٦/٢٠٠٩) پرۆژەی دەستوور لە پەرلەمانی کوردستان پەسەندکراوە، پاڵپشت بە ماددەی (٤)ی دەستووری عێراق و لە ماددەی (١٤)ی پرۆژە دەستوورەکەدا هاتووە ((زمانی کوردی و عەرەبی دوو زمانی فەرمین لە هەرێمی کوردستان، زمانی تورکمانی و سریانی دوو زمانی ڕەسمین لە تەک زمانی کوردی و عەرەبی، لەو یەکە کارگێڕیانەدا، کە ئەوانەی بەو زمانە دەدوێن، زۆربەی دانیشتوان پێکدەهێنن، ئەمەیش بە یاسا ڕێکدەخرێت)) (پرۆژەدەستووری هەرێمی کوردستان، ٢٠٠٩)، بەڵام لە هیچکام لەو دوو دەستوورە ئاماژە نەکراوە، بەوەی کە کام دیالێکت زمانی ستانداردە، تەنها ئاماژە بە زمانی کوردی کراوە.

وەک لە سەرەوە خستمانەڕوو، لەو دەستوورانەی کە لە سەرەتای دروستبوونی هەر ڕژێمێک، کە دەسەڵاتی گرتووەتەدەست، دانی بە مافەکانی کورد بە تایبەت زمانی کوردیدا ناوە، بەڵام زۆر زوو پەشیمان بوونەتەوە و تەنها وەکو مرەکەبی سەر کاغەز ماوەتەوە و جێبەجێنەکراوە و بگرە بە توندیش دژایەتیکراوە و هەوڵی لەناوبردنی دراوە، ڕێگەیاننەداوە، منداڵانی کورد بە زمانی دایکیان بخوێنن، منداڵانی کورد بەزۆر فێری زمانی عەرەبی کراون، بەڵام گیانی بەرگری نەتەوەی کورد هەمیشە هەوڵی پاراستنیداوە و پاراستوویەتی، چونکە هەندێکجار دژایەتیکردنی نەتەوە و زمانەکەی گیانی بەرگری لا پەیدادەکات و دەبێتەهۆی زیندوڕاگرتنی زمانەکە. لە شۆڕشە یەک لەدوای یەکەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورددا هەمیشە خوێندن بە زمانی کوردی یەکێک بووە لەو مەرجانەی لەسەر مێزی گفتوگۆ بووە. بەڵام لەدوای ڕاپەڕینی ئازاری (١٩٩١) بەشێک لە خاکی کوردستان ئازادکرا، لەو کاتەوە منداڵانی ئەم بەشە بە زمانی کوردی دەخوێنن، زمانی کوردی لە دامودەزگا حکومییەکان بەکاردەهێنرێت. لەدوای ئازادکردنی عێراق لە ساڵی (٢٠٠٣) و دانانی دەستووری هەمیشەی عێراق دۆخی زمانی کوردی لە کوردستان بەتایبەت (ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان) باشتر بووە و منداڵان دەتوانن بە زمانی دایکی خۆیان بخوێنن.

## ٢) پەروەردەی جووتزمانی و زیانەکانی:

زۆربەی توێژینەوە دەروونی و زمانەوانییەکان دەریدەخن، کە (پێویستە منداڵ تا تەمەنی (١٠) ساڵ بە زمانی یەکەمی خۆی بخوێنێت، زیاتر زمانی یەکەمی خۆی فێربکرێت، چونکە پێش ئەو تەمەنە خوێندنی بە زمانی بیانی تواناکانی لە نێوان دوو زماندا لاوازدەکات، زمانی یەکەم بە شێوەیەکی ئاسایی دەتوانێت قسەی پێبکات ،بەڵام ئەوی تریان بە هەوڵ و ماندووبوون لە زمان و بیرکردنەوەدا قسەی پێدەکات، ئەمەیش کاتێکی زۆر بەفیڕۆدەدات و وا دەکات، بەردەوام لە گۆڕانی زمانی و دەروونیدا بێت و جێگیرنابێت، بەم شێوەیە منداڵ لە نێوان دوو نەتەوە، دوو کەلتوور، دوو مێژوو، دوو زماندا دابەشدەبێت)( الحاج، 1967: 141). بەهۆی گرنگی خوێندن بە زمانی یەکەم، وایکرد، ڕێکخراوە زانستییە نێودەوڵەتییەکان پێشنیازی ئەوە بکەن، کە منداڵ پێش تەمەنی دە یان دوازدە ساڵی زمانی دووەم فێری نەکرێت. تەنانەت (بەشداربووانی کۆنفرانسی لۆکسمبۆرگ ئاماژەیان بەوە کرد، کە پەروەردە بە زمانێکی تر جگە لەوەی زیان بە زمانی یەکەمی دەگەیەنێت، کە لەماڵەوە بەکاردەهێنرێت، زیان بە گەشەی دەروونی و کەسیی دەگەیەنێت، پاشان کۆنفرانسەکان پێشنیازی پێویستی دواخستنی هێنانەکایەی زمانی دووەمیان کرد، تا ئەو جێگایەی کە دەکرێت، تەمەنی دە بۆ دوازدە ساڵیان پێشنیازکرد) (محمود،٢٠٠٢: ٩٣) ، چونکە کۆمەڵێک زیانی هەیە، لەوانە:

١- پەروەردەی جووتزمانی هەستی خۆ بەکەمزانین لای منداڵ دروستدەکات، منداڵ بە زوویی هەست بەو کەموکورتیانە دەکات، کە توشی دەبێت، چونکە (کاتێک منداڵ بە زمانی دووەم دەخوێنێت، تێدەگات: لە بیرکردنەوە، زیرەکی، ڕوانین و ژیری توانای هاوتەمەنەکانی نییە و هەست دەکات لەوان کەمترە، زمانی دووەم سنووردارکردنێکە، دەستپێکردن و دەربڕینی بیرکردنەوە و بۆچوونەکانی سنووردار دەکات) ( محمود، ٢٠٠٢: ٨٩-٩٠ لە الخولي، ١٩٨٨: ٢١١) وەریگرتووە، چونکە (کاتێک قوتابی زانست بە زمانی یەکەمی خۆی وەردەگرێت، گوێڕایەڵی جفرە و داتاکانی بیرکردنەوەکەیەتی، بە بەراورد لەگەڵ قوتابیەک کە بە زمانی خۆی ناخوێنێت و لە باپیرانیەوە وەریناگرێت، زمانی دووەم ئاوەزی ناچاردەکات، بەزۆر بەکاریبهێنێت، ئەمەش دەبێتە کۆت و بەندێک بۆ بیرکردنەوەکانی بۆ فەزایەکی فراوانی ئازاد، کە دەچێتە ناوەوە، ئەمەش دەبێتە هۆکاری بوونی گرێی دەروونی، کە هەستی شانازیکردن بە خۆی و زمانەکەیەوە لەناودەبات)(الحاج، ١٩٦٧: ١٤١).

٢- منداڵانی پەروەردەی جووتزمانی لە ڕووی زیرەکی و لایەنی دەروونییەوە توانایان کەمترە لە منداڵانی تاکزمان: زۆر توێژینەوە لەم ڕووەوە ئەنجامدراوە و زۆرێک لە تاقیکردنەوەکانی زیرەکی و توانای عەقڵی هەموویان ئاماژەیان بەوە کردووە، کە منداڵانی جووتزمان لە ڕووی زیرەکی و دەروونییەوە توانایان کەمترە لەچاو منالانی تاکزمان، چونکە منداڵی جووتزمان لە دەروون و بیرکردنەوەدا ماندووبووە، توێژەران دەڵێن: (خوێندنی جووتزمانی بارگرانییە لەسەر منداڵ، وا دەکات، تووشی ماندووبوونی دەروونی ببێت، چونکە تواناکانی لە نێوان دوو زماندا دابەشدەبێت)،هەروەها باس لەوە دەکەن، کە (منداڵ لە ساڵانی سەرەتای ژیانیدا پێویستی بە بڕێکی سنووردار لە خۆراکی هزری هەیە،

کە دەتوانرێت لە زمانی دایکەوە بەدەستبهێنرێت، لەم قۆناغەی تەمەنیدا بۆ ئەوەی توانا دەروونییەکانی پەرەپێبدات، جگە لە زمانی دایکی پێویستی بە زمانی تر نییە، بەڵام کاتێک ڕووبەڕووی زمانێکی تریان دەکەینەوە، دەبێتە هۆی ئەوەی گەشەی هزریان وەکو پێویست نەبێت، یان گەشەیەکی شێواوی هزری دروستبکات، لە تواناکانیدا کەموکوڕی هەبێت)( محمود، ٢٠٠٢: 90-89).

٣- پەروەردەی جووتزمانی زیان بە گەشەی کۆزانیاریی قوتابیان دەگەیەنێت، تاقیکردنەوەکانی (دی کرۆلی) ئەم ئەنجامەی لێکەوتەوە: (لە دە ساڵی یەکەمدا، منداڵ نابێت ڕووبەڕووی هیچ زمانێکی تر جگە لە زمانی دایکی بکرێتەوە، ئەم کاتەش بەسە بۆ دەوڵەمەندبوونی کۆزانیاریی منداڵ، واتە فرەیی زمانەکان پێش ئەو کاتە ڕێگرە لە گەشەکردنی کۆزانیاریی بەشێکی زۆری منداڵ، کەواتە باشترە چاوەڕێبکرێت، تا منداڵ زمانی دایکی بە ڕێژەیەکی بەرچاو بەدەستبهێنێت، پێش ئەوەی بەردەوام بێت لە خوێندنی زمانی دووەم)(الحاج، ١٩٦٧: ١٤٢). منداڵ لەم قۆناغەی ژیانیدا پێویستی بە دەربڕین و بیرکردنەوەکانی بە زمانی دایکی هەیە، پێویستە پشت بە توانا زمانییەکانی خۆی لە هەموو دەربڕینەکانیدا ببەستێت، بیرکردنەوە و هەست و سۆزەکانی بگەیەنێتە کەسانی دیکە، ئەمەش تەنها لە ڕێگەی زمانی دایکییەوە دەبێت و بەئاسانی ناتوانێت بە زمانی بیانی بە هەمان شێوەی زمانی دایکی دەربڕین و هەست و سۆزەکانی بگەیەنێت.

٤- پەروەردەی جووتزمانی پێش تەمەنی (١٠) ساڵی گەشەی زمانی منداڵ دوادەخات، چونکە (هەر زمانێک تایبەتمەندی خۆی هەیە، کە زمانێک لە زمانێکی تر جیادەکاتەوە و هەر لەبەرئەوە منداڵ ئەو وشە و دەربڕینەکان تێکەڵدەکات و گەشەکردنی هەردوو زمانەکە دوادەخات(محمود، ٢٠٠٢: ٩٠ لە منصور، ١٩٨٢: ١٥٢ وەرگیرتووە). ئەم دواکەوتنەش بەهۆی ئەو کاریگەرییە نەرێنییەیە، کە فێربوونی زمانێک لەسەر فێربوونی زمانێکی تر بەجێیدەهێڵێت، ئەمەیش وادەکات، فێربوونی زمانی یەکەمی منداڵەکە ئەزموونی پێویستی پێدەبەخشێت لە فێربوونی زمانەکە بەگشتی، هەروەها بۆ فێربوونی زمانی دووەم یارمەتیدەدات، بەڵام کاتێک منداڵ بە زمانێک دەخوێنێت و زمانی ڕەسەنی خۆی نییە، بەگشتی دەبێتە هۆی ئامادەنەبوونی بۆ تێگەیشتن، بێتوانایی لە خوێندنەوە، جگە لە سستبوونی هزری، ئەمەش ڕەنگە ببێتە هۆی بارگرانی لەسەری و جۆرێک لە لاوازی و شەرمنی تێدا دروستبکات، کە لە ئەنجامدا نامۆبوونی لە قوتابخانە و ناچار دەبێت بچێتە ئەوێ، ئامادە نابێت، بەتەواوی بخوێنێت و ئەمەش لە بەرامبەردا دەبێتە هۆی وازهێنانی)(محمود،٢٠٠٢: ٩١). بێگومان ئەمەش لە گەشەی زمانی دووری دەخاتەوە، هەندێک توێژینەوە دەریانخستووە، کە (پەروەردەی جووتزمانی زیان بە مەیلی منداڵ و ئامادەیی فێربوونی زمان دەگەیەنێت و ڕێگری دەکات لە خوێندنەوە و خوێندن بەگشتی و لە ڕێنووس و مێژوو و جوگرافیادا بەتایبەتی، بە بۆچوونی هەندێک کەس، لەوانەیە ببێتە هۆی لاوازی مەیلی دەستپێشخەری و وەڵامدانەوە لە پۆلدا، هەروەها ڕەنگە منداڵەکە هەست بە ڕق لە قوتابخانە دروستبکات) (محمود،٢٠٠٢: ٩١ لە الخولی، ١٩٨٨: ٢١٧ وەرگیرتووە).

٥- پەروەردەی جووتزمانی کاریگەریی دەکاتە سەر گەشەی زانستی و ئەکادیمی، کاتێک قوتابیانی کوردزمان لە قوتابخانە ناحکومییەکان بە زمانی بیانی دەخوێنن، گریمانەی ئەوە دەکەین، زیاتر کاریگەریی نەرێنی لەسەر دەستکەوتی ئەکادیمی و ئاستی زانستییان هەبێت، چونکە کەمتر تێدەگات و کەمتر توانای دەربڕینی دەبێت لە چاو هاوتاکەی، کە بە زمانی کوردی دەخوێنێت، چونکە خوێندن بە زمانی دایک کاردەکاتە سەر دروستکردنی ئینتیما و سۆز و هاوئاهەنگی لە نێوان ئەندامانی میللەتدا، هەروەها دەتوانێت بناغەی لێکتێگەیشتنی ڕۆحی و دەروونی لە نێوان چین و توێژەکانی میللەتدا دابنێت، بە هەمان شێوە باشترین شێوازە بۆ دروستکردنی توانا و پاڵاوتنی بەهرە و ئازادکردنی وزە و...تد، بەکارهێنانی هەموویان لەپێناو دروستکردن و داهێنان و بەرهەمهێنانی زانستی. لەبەر ئەم هۆکارە (هەڵەیەکی زۆر گەورەیە بۆ ئەوانەی زمانێکی بیانی دەسەپێنن وەک ئامرازێک بۆ وانەوتنەوە لەسەر قوتابی خوار تەمەنی (١٠) ساڵ، وەک ئەوەی ناچاریدەکەن سەر بە مێژووی خۆی و باوباپیران نەبێت، بۆ ئەوەی لەگەڵ جەستەی خۆیدا پێچەوانەی لۆژیکی خۆبەخۆیی مامەڵەبکات، ئەم جۆرە هەوڵانە بەرهەمی بەسوود ناهێنێت، بەڵکو یارمەتیدەرە بۆ دروستکردنی نەوەیەک، کە بە دەوروبەرەکەیەوە و بە ئەزموونەکانی پێش خۆیەوە نابەستێتەوە) (الحاج، ١٩٧٨: ١٤٠-١٤١). هەروەها (کەسایەتییەکی بێدەسەڵات و بیری مات و کەم زیرەک و دڵەڕاوکێ و پڕ لە کێشەی لێدروستدەکات، کە لە بیرکردنەوەی دروست بێتوانا بێت، دووەم زمان کە منداڵ لە ساڵانی سەرەتای ژیانیدا فێری دەبێت، زمانی دایکی قەرەباڵغ دەکات و

ڕێگری دەكات لە شارەزابوون لێی)( محمود، ٢٠٠٢: ٩٢).

٦- پەروەردەی جووتزمانی زیان بە كەلتوور دەگەیەنێت، چونكە (زمان دەفری بیركردنەوەیە و كەلتوور بە بەشێكی دانەبڕاوە لە كارلێكی نێوان زمان و بیركردنەوە، چونكە زمان گوزارشتە لە نەخشە كەلتوورییەكان، نەریت و شێوازەكانی ژیان، تێڕوانینی خەڵكی بۆ گەردوون لە كەلتوور و زمانەكەیاندا ڕەنگدەداتەوە)(براون، ١٩٩٤: ٢٤١). پەیوەندییەكی زۆر نزیک و بەهێز لە نێوان زمان و كولتووردا هەیە، بەڵام پەیوەندیی نێوان خوێندن بە زمانی بیانی و كەلتوور ڕوویەكی ئەرێنی نییە، چونكە (جووتزمانەكان ناتوانن لە نێوان كەلتووری هەردوو زمانەكە هاوسەنگی ڕابگرن، دەبنە خاوەنی دوو كەسایەتی، كەسایەتی یەكەم، كە تێكەڵ بە گروپی زمانی یەكەمە، شێوازی ژیان و ڕەفتار و خووی كۆمەڵایەتی و بیروباوەڕ و هەموو دەستكەوتە شارستانیەكانی دەیپارێزێت و كەسایەتی دووەم بە هەموو بەها و چەمک و شێوازەكانی سەیركردنی جیهان و دەستكەوتە زانستی و شارستانییەكانی بە هەموو فۆرم و لقەكانیەوە تێكەڵ بە گروپی زمانی دووەم دەبێت)(محمود،٢٠٠٢: ٩٢). بێگومان ئەمانەش لە ئەنجامی خوێندن بە زمانی دووەمەوە ڕوودەدات، چونكە (فێربوونی زمانێكی تر تەنها نابێتە هۆی ئەوەی پەیوەندیی بە زمانێكی ترەوە بكات، بەڵكو دەبێتە مرۆڤێكی سەر بەو كەلتوورە و بەشێک لە كەلتووری ڕەسەنی خۆیشی لەدەستدەدات)(محمود،٩٢). بێگومان ئەم داپچڕانی كەلتوورییە لەگەڵ زمانەكەی خۆی دەبێتە هۆی ئەوەی پەیوەندیی لەگەڵ كەلتوور و نەتەوە شارستانیەتی ئەو زمانەی كە پێدەخوێنێت، بەهێزبێت و دڵسۆزی بۆ هەموو ئەو شتانە نەمێنێت، كە هی خۆی و نەتەوەكەی خۆین. هەروەها (دەبێتە هۆی دووبەرەكییەكی كەلتووری، كە خاوەنەكەی لە ململانێیەكی دەروونی توندا دەژی، لە ئەنجامی تێكدانی بەها و دابونەریت و بیروباوەڕەكانەوە دێتە ئاراوە، بۆیە ناتوانێت دیاریبكات، كە چی دروستە و نادروستە، چی لای ڕای گشتی قبوڵكراوە، چی قبوڵ ناكرێت و چی ستایشی لێدەكرێت و چی نەهی لێدەكرێت و ...تد، بە دوو پێوەر دەژی، كە ناتوانێت دیاریبكات، كامیان لێرە گونجاوە و كامیان لەوێدا گونجاوە، لە كەلتوورێكی پڕ لە گێژاودا دەژی، كە سیما و ڕەهەندەكانی ناڕوونە، ئەوە تێكەڵەیەكی ناڕوونە لە بیرۆكە و بیروباوەڕەكان، كە مرۆڤێكی بێ شوناس لێدروستدەكات، ئەمەیە وادەكات، نەتوانێت پەیوەندییە كەلتوورییەكانی دیاریبكات)( محمود،ل٩٤)، چونكە قوتابیەكە (تێكەڵەیەكی ناڕوون لە كەلتووری زمانی یەكەم و كەلتووری زمانی دووەم وەردەگرێت، بۆیە هەندێكجار مەیلی بەرەو كەلتووری زمانی یەكەم و هەندێكجاریش مەیلی بەرەو كەلتووری زمانی دووەم دەبێت، ئەم حاڵەتە پێی دەوترێت ململانێی كولتووری (Cultural Conflict))(محمود: ٩٤).

٧- خوێندن بە زمانی بیانی سەرچاوەی یەكەم و گرنگترین هۆكاری لەناوچوونی زمانی دایكە، بێگومان پاراستنی زمان ئەركێكی گرنگی پەروەردەییە، چونكە (زمان ئاوێنەیەكی ڕاستەقینە و وێنەی ئەو كۆمەڵگایە،كە تێیدا قسەی پێدەكرێت، گرنگترین ئامرازە بۆ پەیوەندیكردن، هەروەها نیشانەی سەروەری و هێمای ڕزگاری و سەربەخۆیی...تد، گەلانە)(الحاج، ١٩٦٧: ١٤٠)، بەڵام كاتێک زمانێک لە ناو ماڵەكەیدا لەگەڵ زمانێكی ڕكابەر دەكەوێتە ململانێوە، بێگومان ئەمە لاوازیدەكات و دەست بە پاشەكشە و تەسلیمبوون دەكات، بەتایبەت كاتێک لە پرۆسەی پەروەردە و دامەزراوەكانی تر پشتگوێدەخرێت، ئەوە پرۆسەكە خێراتردەكات، چونكە (زمان كۆگای بیركردنەوە و كۆزانین و كەلتوورە، وەک چۆن ئامرازی هەموو داهێنانێكە و سەرچاوەی هەموو زانستێكە، بەهەمان شێوە زمان كەلتووری لەگەڵیدایە، ئەمەش بە واتای ململانێی نێوان دوو زمان و دوو كەلتوور دێت، چونكە ململانێی نێوان زمان و كەلتوورەكان كۆتایی نایەت، مەگەر بە بێبەشكردنی لە كەلتووری زمانی دایک) (محمود،٢٠٠٢: ٩٥). بێگومان كاتێک منداڵ بە زمانی دووەم پەروەردەدەكرێت، واتە لە كەلتوور و زمانی خۆی بێبەشدەكرێت.

٨- قوتابیان كە بە زمانی دووەم دەخوێنن، ناتوانن وەک پێویست لە هەردوو زمانەكەدا شارەزابن، فەرهەنگی زمانییان زۆر دەوڵەمەند نابێت، ئەمەش وادەكات، نەتوانن زمانەكە بەباشی بەكاربهێنن، هەروەها نەتوانن ڕستەكان بە باشی بونیادبنێن، چونكە (جووتزمانەكان بە تەواوی لە هیچ كام لەو دوو زمانە شارەزا نابن و ناتوانن زمانەكە كۆنترۆڵبكەن، لە بونیادنانی ڕستە و دەستەواژەكاندا هەڵەدەكەن و ناتوانن ڕستەی درێژ دروستبكەن، هەروەها جووتزمانەكان لە زمانەكانیاندا ڕووبەڕووی كێشەی زۆر دەبنەوە، تەنانەت هەندێک پێیانوایە، كە كۆی وشەكانی ژمارەی هەردوو زمانەكە كەمترە لە وشەكانی هاوتای تاكزمانێک، چونكە تاكزمانەكان لە زمانێكیكدا زۆر ورد دەبنەوە، لە

کاتێکدا جووتزمانەکان لە ململانێدان لەگەڵ دوو زمان و ناتوانن لە هیچ کامێکیاندا وردبینەوە، هەروەها جووتزمانەکان بە بەراورد بە کەسی تاکزمان لە وشەسازیدا مەیلی تێکەڵکردنی وشەکانیان هەیە، بەهۆی مەیلی گۆڕانکاری و قەرزکردنیان لە زمانێکی ترەوە، حەزدەکەن، ڕستەی کورتتر بەکاربهێنن و ژمارەی ڕستە ناتەواوەکان زیاد دەکەن و بەکارهێنانی ڕستە تەواوەکان کەمدەکەنەوە، و ڕستەی سەرسوڕمان زیاددەکەن و ڕستە پرسیارکەرەکان کەمدەکەنەوە. هەروەها بە قاڵبی ڕێزمانی تێکشکاو، سیستەمی وشەی سەیر و هەڵەکانی دەرئەنجامی دەستێوەردانی زمانیین. کەسی جووتزمان لە کردار و پیت و ناو و جێناو و دەربڕینی ئیدیۆمەکاندا زیاتر لە کەسی تاکزمان هەڵەدەکەن)(محمود، ٢٠٠٢: ٩٦ لە الخولی، ١٩٨٨: ٢١٤) وەریگرتووە.

٩- پەروەردەی جووتزمانی و توانای داهێنان، (جووتزمانەکان لە بەرهەمهێنانی زانستی و داهێنانی فیکری بێتوانان، چونکە بە لەرزین لە نێوان دوو زماندا دەژی و ئەمەش ڕێگری لە شارەزابوون لە زمانە ڕەسەنەکەی دەکات، وادەکات، نەتوانێت فێرببێت و بەتەواوی شارەزاببێت، هەروەها نەتوانێت توخمەکانی بزانێت و چۆن ئەم توخمانە بگونجێنێت و بەکاریانبهێنێت، واتە ناتوانێت توخمە گونجاوەکان بۆ ئەو دەستەواژەیە و بیرە بهێنێتەوە، کە دەیەوێت بیڵێت، یان ئەو بیرۆکەیەی، کە دەیەوێت دەریببڕێت)(محمود، ٢٠٠٢: ٩٦)، چونکە (بوونی زمانێکی بیانی کە کێبڕکێ لەگەڵ زمانی دایکدا بکات، ڕەنگە جۆرێک لە هەڵچوون و سەرلێشێواوی دروستبکات، لە وردبوونەوە (ترکیز) و گرنگیدان بە زمانی ڕەسەن و شارەزابوون ڕێگری بکات. هەوڵ و کاتەکانی قوتابی لە نێوان دوو زماندا دابەشدەبێت و ئەمەش چانسی فێربوونی زمانی یەکەمی کەمدەکاتەوە، هەروەها چانسی وەرگرتن توخمە زارەکی، ڕەوشتییەکان و بەکارهێنانی ئەم توخمانە کەمدەکاتەوە و تووشی چەقبەستوویی و سەختی هاتنەوە بەرچاویان لە کاتی پێویستیدا، لە ئەنجامدا نەبوونی هیچ کاریگەرییەک بۆیان لە بوارە جیاوازەکانی دەربڕیندا، بەگشتی دەبێتە هۆی لاوازی لە ئاستی ئەم بوارانەدا)(المعتوق،١٩٩٦: ١٦٢).

١٠- جووتزمانی هۆکارێکی سەرەکییە بۆ لەدەستدانی متمانە بە زمان، متمانە بە کۆمەڵ و متمانە بەخۆبوون، واتە (کاتێک قوتابی بە زمانێکی تر دەخوێنێت جگە لە زمانەکەی خۆی، ئەوە هەست بە دابەزینی پلەی کۆمەڵایەتی دەکات و هەستدەکات لە چینێکی کۆمەڵایەتی خوارەوەیە لە چینەکانی تری کۆمەڵگا، یان هەستدەکات، کە زمانەکەی خۆی کە قسە پێدەکات، لە ڕیزی چینە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەدا نییە و لە خوار زمانەکانی دیکەی گەلانی ترەوەیە و بەناوبانگ و گونجاو نییە و لەگەڵ سەردەمدا ناگونجێت، ناچار مەیلی بۆ فێربوونی زمانێکی تری دەچێت، بۆ ئەوەی لە ژیانیدا بەکاری بهێنێت، پێیوایە ئەو زمانەی هەڵیبژاردووە، پێگەی کۆمەڵایەتیی بەرزدەکاتەوە، چونکە بە زمانەکەی خۆی ناتوانێت لە ڕووی مەدەنی و کولتوورییەوە لەگەڵ کەسانی دیکەدا هاوسەنگ بن)(محمود،٢٠٠٢: ٩٦)، چونکە (بەشی سەرەکی تێڕوانینی تاک بۆ خۆی لە تێڕوانینی کۆمەڵگاوە وەرگیراوە و ڕێزگرتن لە خۆی بە شێوەیەکی سەرەکی پەیوەستە بە ڕێزگرتنی ئەو بۆ کۆمەڵگاکەی) (محمود، ٢٠٠٢: ٩٧). بۆیە کاتێک کەسێک هەستدەکات، هەموو تێڕوانینی کۆمەڵ پەیوەندیی بە زمانەکەیەوە هەیە، کۆمەڵگەی زمانی یەکەمی خۆی لاکەمبایەخە و زمانەکەی خۆی بە کەڵکی خوێندن و کار و کەسابەت نایەت و لە هاوسەنگی لەگەڵ شارستانیەت و پێشکەوتنەکانی سەردەمدا دایدەبڕێت، هەروەها زمانەکەی خۆی بە زمانێکی چەقبەستوو و دواکەوتوو دەبینێت، هەر بۆیە پەنادەباتە بەر فێربوونی زمانێکی تر، بێگومان جگە لە وەرگرتنی دابوونەریتەکانی، شێوازەکانی قسەکردن و دەربڕینی ئەو زمانە دەگرێتەبەر و دڵسۆزی خۆی بۆی تەرخاندەکات، ئەمەش بەواتای بێبەهاکردنی زمان و کۆمەڵەکەی دێت. ئەگەر زمانی کوردی بەنموونە وەربگرین، دەبینین ئەمڕۆ زمانی کوردی لە دیاردەی نائاسایشی زمانیدا دەژین، تێڕوانینەکانی زۆرینەی کۆمەڵ بەشێوەیەکە، کە زمانی کوردی بە ئامرازێکی دواکەوتوویی و دارمان دەبینن و بە بێتوانای دەزانن لە هاوئاهەنگی لەگەڵ زانست و هونەرەکانی سەردەمدا. وایدەبینن ئەوان کەمتر لە کەسانی تر زانا و شارستانیان هەیە، بۆیە وا بیردەکەنەوە، کە زانینی زمانی بیانی وایانلێدەکات، کە لە کۆمەڵگاکەیاندا جیاواز بن، تاکی ئەم گروپە لە قسەی ئاسایی خۆیدا هەندێک وشە یان دەستەواژەی بێگانە بەکاردەهێنن، لە کاتێکدا ئەو وشانە لە کوردیدا بەرانبەرەکانیان هەیە، ئەمەش تەنها یەک هۆکار لەپشتێوەیەتی، ئەویش ئەوەیە دەیەوێت وادەربکەوێت لە کەسانی دیکە پلەی بەرزترە، یان ئەوە ئەو لە چینی باڵای خوێندەوارە، هەروەها هەندێکجار ئەم چینە لە ناردنی منداڵەکانیان بۆ قوتابخانەی تایبەت پەلەدەکەن، کە بە زمانە بیانییەکان دەخوێنن و هەوڵدەدەن،

فێری زمانێکی بیانی یان زیاتریان بکەن، فێری ڕەفتار و دابوونەریتی ئەو کۆمەڵگایانەیان بکەن، فێریان بکەن، کە بە شێوازی ئەوان بیربکەنەوە، بۆیە ئەم منداڵانە بە زمانێکی تر جگە لە کوردی پەروەردەدەبن و گەورەدەبن، باوەڕیان بە دابونەریتی کوردەواری نامێنێت، تەنها باوەڕیان بەو دابونەریتانە هەیە، کە بە نەتەوەی کورد نامۆن، بێگومان ئەمەیش لەسەر حیسابی شارەزابوون لە زمانی کوردی دێت، کە پاڵی پێوەدەنێت بۆ پلەی دووەم و دەیکاتە زمانێکی نەخوازراو، دەبێتە هۆی لەناوچوونی کەسێتی منداڵەکە و کوشتنی هەر پێشکەوتنێکی زانستی، کە هەیبێت.

## ١/٢) کاریگەرییە زمانییەکانی پەروەردەی جووتزمانی:

هەندێک لە توێژەران پێیانوایە، لە پەروەردەی جووتزمانیدا زمانی دایک دەکەوێتە ژێر کاریگەریی زمانی دووەم، کاتێک منداڵ سیستەمێکی نوێ لە زمانی دووەم بونیاددەنێت، سیستەمەکانی زمانی یەکەم هەڵدەوەشێنێتەوە و بە شێوازی خۆی ڕێکیاندەخاتەوە، ئەمەش لە ئەنجامی ململانێی زمانەوانی لە نێوان دوو زمانەکەدایە( الحارثي،2011: 75 لە (Maher, J.1991وەریگرتووە)، واتە لە ئەنجامی ئەو سیستەمە نوێیە، کە فێربووە، دەستێوەردان لە سیستەمی زمانی یەکەمدا دەکات. ئەم بۆچوونە لە نێو توێژەراندا بەهۆی ئەو بەڵگە پراکتیکییانەی، کە لە توێژینەوەی مەیدانی زمانەوانیدا دۆزیویانەتەوە، دروستبووە. چونکە (هەر زمانێک سیستەمی زمانی تایبەت بە خۆی هەیە و لە سیستەمی زمانی زمانێکی تر جیاوازە، منداڵ ناتوانێت دوو سیستەمی جیاوازی بە شێوەیەکی یەکسان پێکەوە بەدەستبهێنێت، یەکێکیان بەسەر ئەوی دیکەدا زاڵدەبێت، یان سیستەمێکی تێکەڵاو و جیاواز بۆ هەریەکەیان بەرهەمدەهێنێت، ئەگەر سیستمی زمانی بیانی پێشبکەوێت و ببێتە زمانی سەرەکی منداڵ، ئەوا ناچاردەبێت، سیستەمی زمانی دایک کە هێشتا تەواو نەبووە، هەڵبوەشێنێتەوە و لە ژێر کاریگەریی سیستەمی زمانی باڵادەستەکەدایە)(الحارثي، ٢٠١١: ٧٣).

پەرەسەندن و زۆربوونی قوتابخانەکان کە بە زمانی بیانیین، بەباشی بەسەر زمانی نەتەوەیمان ناشکێتەوە، چونکە بە ئامانجی فێربوونی زمانێکی تر دایکان و باوکان منداڵەکانیان لە ماڵ و لە قوتابخانە لە نێو زمانی ئینگلیزیدا نقومدەکەن، بەمەیش زمانی کوردی لە ژیانی قوتابی دەبەنە دەرەوە، ئەرکەکانی لە زمانە ڕەسەنەکە وەردەگرنەوە و دەیدەن بە زمانی بێگانە، بەم شێوەیە ڕۆڵی زمانی کوردی لە ژیانی ڕۆژانەی قوتابیدا کەمدەبێتەوە، قوتابی هەست بە گرنگی زمانەکەی ناکات و بە کەمتر لەو زمانەی کە پێدەخوێنێت، سەیریدەکات، ئەمە سەرەڕای ئەوەی لە زۆربەی دوکان و کۆمپانیا و فرۆشگا گەورەکان دەیبینین، ناوی دوکان و بەرهەمەکانیان بە ناوی ئینگلیزی تۆماردەکەن، تەنانەت ناوی گەڕەکەکانی شاریش خەریکە هەمووی دەبێتە ئینگلیزی.


ڕەنگە قوتابیان لە ساڵانی یەکەمی خوێندنی جووتزمانیدا هەست بە نقومبوونی زمانی یەکەم و خراپبوونی نەکەن، چونکە (کاریگەریی پەروەردەیی زمانی پێویستی بە ساڵانێک هەیە، کە لە دە تا پانزە ساڵ کەمتر نەبێت، کاتێک ئەنجامەکانی بەڕوونی لە کۆمەڵگادا دیاردەبن، منداڵ لە سەرەتای ساڵانی یەکەمدا هەوڵدەدات، زمانی دووەم بخاتە ژێر یاساکانی زمانی یەکەمەوە، دواتر هەر زوو ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە هەر زمانێک ڕێسای تایبەتی خۆی هەیە، بۆیە هەوڵدەدات، ڕێساکانی هەر زمانێک بە جیا بهێڵێتەوە، بەڵام بەردەوامی پەروەردە بە زمانی بیانی و بەکارهێنانی زۆری لە قوتابخانە و کۆمەڵگا و میدیادا وا لە منداڵ دەکات، ملکەچی زمانی دووەم ببێت، بۆیە زمانی دووەم بەسەر پێکهاتە زمانەوانییەکەی زاڵدەبێت و زمانی یەکەم بۆ هەتاهەتایە ملکەچی زمانی بێگانە دەبێت و ئەمەش مردنی زمانی یەکەمە)(الحارثي،٢٠١١: ٨٠).

## ٢/٢) کاریگەریی پەروەردەی جووتزمانی لە نێوان کۆمەڵگای زمانیی و قوتابخانەدا:


زمانی کۆمەڵ و زمانی قوتابخانە تەواوکەری یەکترن، واتە (پرۆسەی خوێندن پەیوەندیی بە بونیادی پەیوەندییەکانی نێو کۆمەڵگاوە هەیە، بە واتایەکی تر قوتابی ئەو زانیارییە زمانیانەی لە قوتابخانەوە وەریدەگرێت وەک کۆمەڵە کۆدێک لە جڤاتە ئاخاوتنییەکەی دەرەوەی خوێندنیشدا بەشداری پێدەکاتەوە)(مەحمود،٢٠١٢). بەم پێیە بەکارهێنانی زمان لە قوتابخانە بە شێوەیەکی پاراو و ستاندارد دەبێتە هۆی پەخشکردنی کۆدە دروست و ستانداردەکان بۆ ناو کۆمەڵ، لەم ڕێگەیەشەوە کۆدە گشتییەکان دروستدەبێت، بەمەرجێک قوتابی بە هەمان


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

زمانی کۆمەڵەکەی بخوێنێت. لە هەمان کاتدا قوتابی ئەو کۆزانیارییەی کە لەڕێگەی زمانەکەیەوە لە کۆمەڵ بەدەستیهێناوە، لە پرۆسەی پەروەردەدا یارمەتیدەری دەبێت (بڕوانە هێڵکاری ژمارە (١)). بە پێچەوانەوە ئەگەر قوتابی بە زمانی بیانی بخوێنێت، ئەوا ناتوانێت ئەو زانیارییە زمانیانەی، کە لە قوتابخانە بەدەستیهێناوە، لە کۆمەڵ ئاخاوتنیەکەی بەشداری پێبکاتەوە، بەمەیش کاریگەری تەندروستی بۆ سەر زمانی کۆمەڵ نابێت، بە هەمان شێوە کۆدە زمانییەکانی کۆمەڵیش تاڕادەیەک کاریگەری ئەرێنی لە پرۆسەی پەروەردەکردنەکەی نابێت (بڕوانە هێڵکاری ژمارە (٢)). ئەگەر نموونەی کوردستان وەربگرین، دەبینین لە ساڵی (٢٠٠٣)وە جیاوازی نێوان چینەکانی کۆمەڵ زیاتر بووە، سێ چین بە ناوی چینی باڵا، چینی مامناوەند، چینی هەژار دروستبووە، چینی باڵا بەتایبەتی وەهەندێک لە چینی مامناوەند زیاتر منداڵەکانیان دەخەنە ئەو قوتابخانانە و زانکۆ تایبەتانەی کە خوێندن تێیاندا بە زمانی بیانییە، ئەم قوتابخانانە نەبوونەتە هۆی باشترکردنی کۆدە زمانییەکانیان بەپێچەوانەوە کۆدە زمانییەکانیان لاواز بووە.




هێڵکاری ژ (١) خوێندن بە زمانی یەکەم




هێڵکاری ژ (٢) خوێندن بە زمانی بیانی

## ٣/٢) کاریگەری پەروەردەی جووتزمانی و نوقمبوونی زمانی دایک:

کاتێک زمانی دووەم جێ بە زمانی یەکەم لەقدەکات، منداڵ پێش تەمەنی گونجاوی خۆی بە زمانێکی تر جگە لە زمانی دایکی دەخوێنێت و زمانی یەکەمی پەراوێزدەخرێت، منداڵ تووشی سەرلێشێواوی دەبێت و زمانی دووەمی کە زمانی پەروەردەیە دەبێتە زمانی یەکەمی، زمانی یەکەم دەبێتە زمانی دووەمی ئەم جۆرە پەروەردەکردنە بە نوقمبوونی زمان (Language Immersion) ناودەبرێت. نوقوومبوونی زمان (جۆرێکە لە فێرکردنی جووتزمانی، وادەکات، زمانی بیانی بەسەر پەروەردە و کارلێک و ژینگەی قوتابخانەدا زاڵبێت، بە جۆرێک کە هەموو لایەنەکانی کارلێک لەناو دامەزراوەی پەروەردەدا نوقمبکات)(الحارثي، ٢٠١١: ٨٠). واتە (پێڕەوێکە لە کردەی فێرکردنی زمانی دووەمدا لەو خوێندنگایانەی، کە هەر بە زمانی دووەم دەخوێنن، یان لەگەڵ خوێندنی زمانی دایکدا، زمانی دووەم و سێیەم دەخوێنن، بەکارهێنراوە و جۆرێکە لە فێرکردنی جووتزمانی زمان، کە تێیدا زمانی بیانی بەسەر پەروەردەو فێرکردن و مامەڵەکردن و ژینگەی قوتابخانەدا زاڵدەبێت، بەوەی هەموو چەشنە پەیوەندییەکی ناو دامودەزگاکە کۆنترۆڵدەکات و ئەوانی تر لەناودەبات، ئەوەی بەڵگە نەویستە، ئەوەیە ئەم دیاردەیە پەیوەستە بەو کاریگەرییە نەرێنیانەی، کە خوێندنی زمانی دووەم لەسەر زمانی دایک دروستیدەکات و وردەوردە لەسەرخۆ بەرەو نوقمبوون و داخورانی زمانی دایک دەبات)(حسێن، ٢٠١٦: ٦٦).

سێ جۆر لە نوقمبوونی زمانی هەیە (الحارثي، ٢٠١١: ٨٤-٨٥):

١- نوقمبوونی زمان بە زمانی بیانی: (Foreign Language Immersion)

جۆرێکە لە فێرکردنی جووتزمانی، کە وادەکات، زمانی بیانی بەسەر پەروەردە و کارلێککردن و ژینگەی قوتابخانەدا زاڵبێت، بە جۆرێک کە هەموو لایەنەکانی کارلێککردن لەناو دامەزراوەی پەروەردەدا نوقمدەکات. مادەی زانستی لە هەموو بابەتەکانی ئەکادیمیدا بە زمانی بیانی پێشکەشدەکرێت، ئەم بەرنامەیە ئامانجی ئەوەیە زمانی دایک بگۆڕێت بە زمانی بیانی، زمانی دایک وەک زمانی دووەم دەخوێندرێت. ئەو سیستمەیە کە لە قوتابخانە ناحکومییەکان (ئەهلییەکان) بەکاردێت، وەک ئەو قوتابخانەی ناحکومیانەی کە لە هەرێمی کوردستاندا هەن، زیاتر گرنگی بە ئینگلیزی دەدەن و زمانی کوردی وەکو زمانی دووەم سەیردەکرێت، زۆربەی چالاکی ناو پۆل و دەرەوەی پۆل بە زمانی ئینگلیزی ئەنجامدەدرێت، تەنانەت لە هەندێک لەو قوتابخانانە سزا دانراوە بۆ قسەکردن بە زمانی کوردی.

٢- نوقمبوونی زمان بە زمانی دووەم:( Dual Immersion)

ئەم بەرنامەیە ئامانجی فێرکردنی دوو زمانە بە خوێندکار؛ زمانی زگماکی و زمانی بیانی. هەموو بابەتەکان بە زمانی بیانی بۆ ماوەی نیوەی ڕۆژ دەخوێندرێن، بۆ نیوەی دووەمیش بە زمانی دایک.

٣- نوقمبوونی زمان بە زمانی دایک: (Indigenous Immersion)

هەموو بابەتەکانی ئاستی سەرەتایی بە زمانی دایک دەخوێندرێن. زمانی بیانی لە قۆناغی ناوەندی یان لە کۆتایی قۆناغی سەرەتاییدا دەخوێندرێت. ئەم جۆرە پەروەردەیە ئامانجی پاراستنی زمانی ڕەسەن و پاراستنی منداڵە لە بەرکەوتنی دیاردەی سەرلێشێواوی و کەمیی زمانەوانی و هزری. ئەم جۆرە زۆرجار لە وڵاتانی پێشکەوتوودا جێبەجێدەکرێت.

## ٤/٢) پەروەردەی جووتزمانی و کۆدگۆڕینەوە و کۆدتێکەڵکردن:

لە پرۆسەی پەروەردە بە زمانی دووەمدا، بە تایبەت لە بازنەی یەکەمی خوێندندا، مامۆستا و قوتابی زۆرجار لە کاتی وانەکاندا ناچاردەبن، پرۆسەی کۆدگۆڕینەوە و کۆدتێکەڵکردن ئەنجامبدەن، چونکە قوتابیان بەباشی ئەو زمانە فێرنەبوون، مامۆستایان ناچاردەبن، بە مەبەستی تێگەیاندنی قوتابیان دیاردەی کۆدگۆڕین و کۆدتێکەڵکردن ئەنجامبدەن، بە هەمان شێوە قوتابیان بەهۆی ئەوەی بەباشی زمانەکە فێرنەبوون لە کاتی بەشداریکردن لە چالاکییەکانی پۆلدا، هەردوو دیاردەکە ئەنجامدەدەن.

ئەم دیاردەیە کاردەکاتە سەر زمانی دایکییان و لە دەرەوە و لە ماڵ و لە کۆڵان ئەم دیاردەیە بەڕوونی هەستی پێدەکرێت، بەڵام کاتێک زمانی یەکەم زمانی پەروەردەیە (مامۆستا لە پۆلدا زمانی ستاندارد بە باشترین ڕێگا بۆ بەرەوپێشبردنی توانای قوتابی لە وەرگرتنی زمانی ستانداردا بەکاردەهێنێت، کۆدگۆڕینەوە لە پۆلدا یارمەتی فێربوون و فێرکردن دەدات، کە بۆ وەڵامدانەوە و ڕوونکردنەوەی کۆدە بەکارهاتووەکانی زمانی ستاندارد بەکاردەهێنرێت، بە مەبەستی دروستکردنی پەیوەندیی و هەستکردن بە ئارامی و تێگەیشتنی زمانی ستاندارد، وەک ڕێگایەک کە قوتابی ڕۆڵ و بەرپرسیارێتی بەشێوەیەکی سروشتی هەڵبگرێت و مامۆستا ڕاهێنانی فەرمی پێبدات)(فەقێ ئەمین، ٢٠١٥: ٨٦). واتە کۆدگۆڕینەوە ڕۆڵێکی ئەرێنی بۆ شیکردنەوە و تێگەیشتنی زیاتری پرۆگرامەکانی خوێندن دەگێڕێت، بەتایبەت بۆ ئەو قوتابیانەی شارەزای تەواویان لە زمانی ستانداردا نییە، کە زمانی پرۆگرامی خوێندنە، ئەمەش دەبێتە هۆکارێک بۆ زیاتر فێربوون و شارەزابوون لە زمانە ستانداردەکە.

هەروەها کۆدگۆڕینەوە (لەسەر ئاستی ستونی ڕستەکان ڕوودەدات و کاریگەریی لەسەر بونیادی ڕستە و شێوازی ڕیزبوونی پێکهاتە سینتاکسییەکان لە فرێز و مۆرفیمە سینتاکسییە دەسەڵاتدارەکان دادەنێت)(عەبدوڵڵا، ٢٠١٦: ٧٦). لە هەمان کاتدا (دیاردەیەکی کۆمەڵی و کۆمەڵایەتییە، سنوردارە، بەکارهێنانی جووتزمانی، کە لە هەمان هەڵوێست و بارودۆخ و ڕوونکردنەوەدا بەشداریدەکەن، واتە ڕوودانی کارلێکردنی جووتزمانی، کە هیچ کەس هەمووکات جۆرێک/شێوازێک زمان لە هەموو حاڵەتێکدا بەکارناهێنێت، بەپێی بوار و بابەت و حاڵەت و کۆمەڵ جۆری جیاواز دەگۆڕێت و زمانی جیاواز دەردەکەوێت، کە قسەکەری دوو زمان یان دوو شێوەزار و ئەکسێنتی جیاواز بەپێی واتای کۆمەڵایەتی لە حاڵەتی کۆدگۆڕینەوە بەکاردیدەهێنێت)(فەقێ ئەمین، ٢٠١٥: ٨٥-٨٦). بۆ نموونە:


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

- سوپاس - Thank you شكراً

- خێرت بنوسێت - جزاك الله

بەڵام کۆدتێکەڵکردن (لەسەر ئاستی ئاسۆیی ڕستەکان ڕوودەدات و کار لە بونیادی ڕستە و ڕیزبوونی پێکهاتەکانی مۆرفێمە سینتاکسییە دەسەڵاتدارەکانیش دەکات، هەروەها لە ئاستی مۆرفۆلۆژیشدا کۆد و ڕێسا مۆرفۆلۆژییەکانی دوو زمانەکە تێکەڵدەکات)(عەبدوڵلا٢٠١٦: ٧٦). یاخود (بریتییە لە تێکەڵکردن و بازدان لە نێو کۆدەکانی چەند زمانێکدا، یاخود تێکەڵکردن و بازدانە لە نێو جۆراوجۆریەتی شێواز و کۆدەکانی زمانێکی دیاریکراودا)( مەحموود، ٢٠١٢). بۆ نموونە:

- وێنەکە دیلەیت بکە.

- پۆستەکە شێر بکە.

کۆدگۆڕینەوە و کۆدتێکەڵکردن تەواوکەری یەکترن، بەجۆرێک (هەموو کۆدتێکەڵکردنێک، کۆدگۆڕینەوەیە، بەڵام هەموو کۆدگۆڕینەوەیەک، کۆدتێکەڵکردن نییە، بەوەیش کۆدگۆڕینەوە وەک شازاراوەیەک هەردوو دیاردەکە لەخۆدەگرێت)(عەبدوڵلا، ٢٠١٦: ٧٦).

قسەکەری جووتزمانی زۆرجار بە مەبەستبێت یان بێ مەبەست، کۆدی زمانی جیاواز لە هەردوو زمانە بە جیا و بە تێکەڵ بەکاردەهێنن بە هۆکارو پاڵنەری زمانی و نازمانی (عەبدوڵلا، ٧٧-٧٨):

### ٢/٤-١) هۆکارو پاڵنەرە زمانییەکان:

١- ململانێی زمانیی و پێڕەوە زمانییەکانی جووتزمانەکان.

٢- بوونی هەڵبژاردنی ئاسان لە وشە و فرێز و یەکسانی پاڵنەرەکان و یەکە فەرهەنگییەکان.

٣- نزیکی بونیاد و پێکهاتەی دوو زمان لە ڕووی دەنگ و مۆرفۆلۆژی و وشەو ڕستەوە و نزیکی خێزان و ڕەچەڵەکی دوو زمانەکە، یان مێژووی درێژ لە پەیوەندیی نێوان دوو زمان.

٤- بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی و پێویستییە زمانییەکان، یان بۆ ناونانەوەی کەس و شتەکان و ڕووداوەکان و کارەکان و دیاردەکان.

٥- گۆڕینی شێوازی قسەکردن لە لای جووتزمانەکان لە شێوازی فەرمییەوە، بە پێچەوانەشەوە، چونکە لە شێوازە نافەرمییەکاندا کۆدتێکەڵکردن زیاتر ڕوودەدات.

٦- فێربوونی زمانی سێیەم، وەک ئەوەی (ثمیدیت) و (فرۆنا) پێیگەیشتوون، کە فێرخوازێکی ئینگلیزی زمانی عەرەبی بزانێت، لە کاتی فێربوونی پرتوگالیدا، ناتوانێت پارێزگاری لە سەربەخۆی زمانە عەرەبییەکەی بکات و لەگەڵ پرتوگالییەکەیدا تێکەڵیان دەکات.

### ٢/٤-٢) هۆکارو پاڵنەرە نازمانییەکان :

-1 پەوەردەی جووتزمانی: هەندێکجار بەهۆی ئەوەی زمانی قوتابخانە جیاوازە لە زمانیماڵەوە، لە قوتابخانە و لە ماڵەوەش دیاردەی کۆدگۆڕین و کۆدتێکەڵکردن دەبینرێت.

-2 جووتزمانی: فێربوونی دوو زمان هەر لە منداڵییەوە، وادەکات، منداڵ هەر دوو زمانەکە بە هی خۆی بزانێت، یان بەهۆی کاڵبوونەوەی ناسنامەوە وادەکات، هیچ زمانێکیان بە هی خۆی نەزانێت، ئەمەش زیاتر ئەگەری کۆدگۆڕین و کۆدتێکەڵکردنی لە نێوان زمانەکان زیاتر دەبێت.

٣- هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان:

أ- بەهۆی لاوازی ئاستی زانینی یەکێک لە زمانەکان.

ب- بەهۆی خۆلادان لە هەڵە تێگەیشتنی بەرانبەر.

پ- بەهۆی وشە و ڕستە تابووەکان.

ت- وەک هاوسۆزی و هاودەنگی لەگەڵ کۆمەڵێکی قسەکردن بۆ زیاتر تێکەڵاوبوون لەگەڵ ئەو کۆمەڵەیە بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندیی مادی و ماعنەوی.

٤-هۆکاری دەروونی:

أ- بۆ شانازیکردن و خۆدەرخستن و نیشاندانی ئاستی ڕۆشنبیری و خۆ وادەرخستن، کە زمانێکی تر دەزانێت.

ب- بەهۆی بارودۆخی دەروونی وەک کاتی شەڕکردن یان بارێکی لەناکاوی قسەکەر ئەگەر ئەو زمانە بەباشی نەزانێت، ئەوا ناچار وشە و دەستەواژەکان لە زمانەکەی ترەوە وەردەگرێت، کە بەباشی دەیزانێت، یان لەو کاتەدا تەنها قاڵبی ڕێزمانییەکەی یەکێک لە زمانەکانە وشە و فرێز و ڕستەکە لە زمانەکەی ترەوە وەردەگرێت.

٥- هۆکاری سیاسی: بەهۆی ئەوەی لە وڵاتێکدا زمانێک قەدەغەیە قسەی پێبکرێت، بۆیە قسەکەران بەهۆی ئەوەی زمانەکەی تر بەباشی نازانن، بۆیە ناچاردەبن، دیاردەی کۆدگۆڕین و کۆدتێکەڵکردن ئەنجامبدەن.

٦- کۆچکردن: بەهۆی کۆچکردن و تێکەڵاوبوون بە کۆمەڵگەی نوێ، کۆچبەر بەهۆی ناشارەزایی زمانی و خۆگونجان لەگەڵ کۆمەڵگە نوێیەکەی ناچاردەبێت، کۆدگۆڕین و کۆدتێکەڵکردن ئەنجامبدات.

٧- بۆ تێگەیشتنی زیاتر:

أ-هەندێکجار بۆ نەپچڕاندنی پەیوەندیی لێکترگەیشتن.

ب-یارمەتیدەرە بۆ گەیاندن و ڕوونکردنەوەی زیاتری بیرەکە.

٨- بازرگانی و ئابووری: تێکەڵاوی بازرگانی و بازاڕە ئابوورییەکان، هۆکارێکی تری ئەم دیاردەیەن.

٩- تەکنەلۆژیا و ئینتەرنێت و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان: هۆکاری سەرەکین، بەشێوەیەکی بەرچاو ئەم دیاردەیەن.

## ٥/٢) پەروەردەی جووتزمانی و داخورانی زمان:

لە خوێندنی جووتزمانی، کە تێیدا زمانی بیانی وەکو زمانی یەکەم و زمانی دایک وەک زمانی دووەم مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، زمانی دایک توشی داخوران و لەناوچوون دەبێتەوە، بۆیە (خوێندنی جووتزمانی لە پرۆسەی خوێندندا بە یەکێک لە بنەماکانی داخورانی زمانی دایک دانراوە، زمانی دایک لە قوتابخانەی جووتزمان بەرەو لەناوچوون دەچێت، یاخود وەک زمانی دووەم مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، ئەمەش خۆی کێشە و کرۆکی بابەتەکەیە)(حسێن، ٢٠١٦: ٥٧).

هۆکارەکانی لەدەستدانی شکۆ و پێگەی زمانی دایک لە خۆڕا نییە، پەروەردەی جووتزمانی هۆکاری سەرەکی پشت نەهێشتنی شانازیکردن بە زمان و نەتەوە و نیشتمانەوەیە، چونکە وەرگرتنی پێگەی زمان پەیوەستە بە تێروانینی کۆمەڵ بۆ زمانەکە، ئەمەش لە ئەنجامی بەکارهێنانی زمان لە ژینگە زمانییەکانی وەک قوتابخانە و دامودەزگا فەرمییەکان و ژیانی ڕۆژانەی خەڵکییەوە دروستدەبێت. بە پێچەوانەشەوە ئەگەر ژینگەی بەکارهێنای زمانی دایک کەمکرایەوە، لە بەرانبەردا بواری بەکارهێنانی زمانی بیانی زیاتر کرا، ئەوە زمانی دایک توشی داخوران دەبێت، چونکە منداڵان بەخێرایی درک بەوە دەکەن، کە کام زمان زیاتر هاوکاریانە، بۆ ئەوەی لە کۆمەڵگا وەربگیرێن، ئەمەیش زیاتر لە منداڵانی کۆچبەر و ئەو منداڵانەی، کە کەمینەن، لە کۆمەڵگا بەدیدەکرێت، کە بە زمانی دایک ناخوێنن و لەماڵەوەیش هەوڵدەدرێت، زیاتر بە زمانی قوتابخانەی قسەی لەگەڵ بکرێت، ئەگەری لەدەستدانی زمانی دایکی یان داخورانی زمانی دایکی هەیە. ئەمە ڕەخنە نییە لە جووتزمانی، بەڵکو هۆشدارییە لەوەی، کە زمانی دایکی پێویستی بە بایەخ و سەرنج و پلەوپایە و بەکارهێنانی زۆر هەیە، چونکە گەشەی منداڵ پێویستی بە پەروەردەکردنی تایبەت هەیە، لەو هەلومەرجانەی، کە زمانی دووەم زاڵە بەسەر زمانی یەکەمدا، بۆ نموونە کاتێک منداڵێک زۆربەی کاتەکانی لە ژینگەی زمانی دووەمدایە و کەمتر لە بەریەککەوتنی لەگەڵ زمانی یەکەم هەیە، ڕەنگە زمانی دووەم جێگەی زمانی دایکی بگرێتەوە. لەدەستدانی زمان دەرئەنجامی خراپی کۆمەڵایەتی و سۆزداریی و مەعریفی و پەروەردەیی لێدەکەوێتەوە )بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە (Baker,

C. 2001: 92)، هەروەکو (وۆنگ فلیمۆر) باس لەوە دەکات، کاتێک دایکان و باوکان ناتوانن قسە لەگەڵ منداڵەکانیان بکەن، ئەوا واتای ئەوەیە، ناتوانن بەئاسانی بەها و باوەڕ و تێگەیشتن و داناییان فێربکەن، باس لەوەش دەکات، ئەوەی لە نێوان دایکان و باوکان و ئەندامانی خێزاندا ڕوودەدات، هاوبەشێکی گرنگە بۆ گەشەی کۆزانیاریی منداڵەکە بەتایبەتی بە بنەماکانی (سینتاکس و واتاسازی) زمانەکە ئاشنادەکرێت، هەروەها ئەوەش دەخاتەڕوو، کە کاتێک منداڵ زمانی ماڵەوە لەدەستدەدات، دایکان و باوکان ناتوانن چیتر ئەم زمانە پێشکەش بە منداڵەکە بکەن (Wongfillmor, L.1991:323-346). کەواتە لەدەستدانی زمانی دایک کێشەیەکە نەک تەنها بۆ مەترسیی نەتەوایەتی و جوگرافی کۆمەڵگاکانی زمان، بەڵکو بۆ خودی منداڵەکە لە ڕووی گەشەی کۆزانیاری و لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتی منداڵەکەیش، هەر بۆیە پلانی زمانی و داڕێژەرانی پلانی زمانی و دایکان و باوکانیش دەبێت لەپاڵ فێرکردنی زمانی دووەم ئاگاداری زمانی یەکەمیش بن.

گریمس ١٩٩٦(٦٧٠٣) زمانی زیندوو لە جیهاندا دیاریدەکات، لەکاتێکدا ماکی١٩٩١(٦١٧٠) زمانی زیندوو دیاریدەکات، مۆسلی و ئاشێر١٩٩٤ نزیکەی (٥٩٠٠) زمانی جیاجیا دیاریدەکەن، هەروەها برایت١٩٩٢ (٦٣٠٠) زمانی زیندووی ڕیزکردووە، یونسکۆ (١٩٩٦) مەزەندەدەکات، (٥٠٠٠-٦٠٠٠) زمانی زیندووی جیهان هەبێت، جیاوازی لە خەمڵاندنەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەختی پێناسەکردنی زمان لە گەڵ زار و کێشەکانی کۆکردنەوەی زانیاریی دروست. بەمشێوەیە دەتوانین بڵێین نزیکەی (٦٠٠٠) زمان لە جیهاندا هەیە، نزیکەی (٢٠٠) ئاخاوتنیان پێدەکریت، زمانەکانی (ئینگلیزی، فەرەنسی، ئیسپانی و عەرەبی) لە نزیکەی (١٢٠) دەوڵەت زمانی فەرمین. ماکی (١٩٩١) باس لەوە دەکات، لەو زمانانە تەنها (٤٥) زمانیان پێگەی زمانی فەرمیان لە جیهاندا هەیە، دەکاتە نزیکەی (١,٥٪) تەواوی زمانەکانی جیهان، واتە بە شێوەیەکی زۆر دراماتیکیانە (٩٨،٥٪) زمانەکانی جیهان پێگەی زمانی فەرمییان نییە، کراوس لەساڵی (١٩٩٢) لە سەنتەری توێژینەوەی ڕەسەنی ئالاسکا توێژینەوەیەکی ئەنجامدا، باس لەوە دەکات، کە لە سەد ساڵی ئایندە (٢٠٪) بۆ (٥٠٪) زمانەکان بە شێوەیەکی مەترسیدار لە مردن نزیکدەبنەوە، باس لەوەش دەکات، لە ئایندەیەکی دوورتردا ئەگەری لەناوچوونی زمانەکان بە (٩٠٪) دادەنێت، واتا تەنها (١٠٪) زمانەکان پارێزراو دەبن، پەیمانگای زمانەوانیی هاوینەی ئەمریکا لە ساڵی (١٩٩٩) ئامارێکی خستووەتە ڕوو، کە (٥١) زمان لە جیهاندا تەنها یەک ئاخێوەریان هەیە (٥٠٠) زمان کەمتر لە (١٠٠) ئاخێوەریان هەبووە (Baker, C. 2001: 49-50) بەپێی پێوەرەکانی ڕێکخراوی یونسکۆ، کە بۆ ڕێژەی زیندوویەتی و لەناوچوونی زمان دانراون ، زمانی کوردی لە کۆی (٤٥) خاڵ (٤١) خاڵ بەدەستدەهێناوە، واتە بە زیندوو دادەنرێت و هەڕەشەی لەناوچوونی لەسەر نییە (بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (عەلی، ١-٢٠)، بەڵام ئەمەش بەو واتایە نییە، کە تا کۆتای لەو پلەیەدا دەمێنێتەوە و هەڕەشەکان بەتەواوی لەسەری نەماون و بەدەستی خۆمان زمانەکەمان بەرەو لەناوچوون و کەم بایەخکردنی بەرین و لە ژیانی قوتابی دەریبهێنین.

مردنی زمان بەوە پێناسەکراوە، کە زمانەکە هیچ ئاخێوەرێکی نامێنێت، قسەی پێبکات، واتە ئەگەر تەنها دوو ئاخێوەریش هەبێت، قسەی پێبکات، هێشتا ئەو زمانە بە زمانێکی زیندوو دادەنرێت، وەک (زمانی ئایاپانکۆ) کە لە گوندێکی نزیک لە شاری مەکسکۆسیتی تۆمارکراوە بە زمانێکی زیندوو دادەنرێت) (ئەمین، ٢٠١٧: ١٨١).

)دەیڤد کریستاڵ (باس لە پێنج هۆکاری بنەڕەتی بۆ پاراستنی زمان دەکات (Baker, C. 2001: 51-52):

١- هەمەچەشنی ژینگەیی: چەمکی ئیکۆسیستەم ئەوەیە هەموو زیندەوەران، ڕووەکەکان، گیانلەبەران، بەکتریا و مرۆڤ لە ڕێگەی تۆڕبەندێکی ئاڵۆزەوە زیندوودەبن و گەشەدەکەن. زیانگەیاندن بە یەکێک لە لە توخمەکانی ناو سیستەمی ئیکۆسیستەم، دەبێتە هۆی ئەوەی کە گرفت بۆ تەواوی سیستەمەکە. (دانیال و سوزان) باس لەوە دەکەن، کە هەمەچەشنی کەلتووریی لە هەمەچەشنی بایۆلۆژی جیاناکرێتەوە، واتا لەو شوێنەی کە هەمەچەشنی بایۆلۆژی و ئیکۆسیستەمی دەوڵەمەند هەیە، هەمەجۆریی زمانی و کەلتووریش هەیە، یەکجۆریی و یەکژینگەیی هەمەچەشنی دەخاتە مەترسییەوە. کۆلین بەیکەر دەڵێت: (بەهێزترین ئیکۆسیستەمەکان ئەوانەن، کە هەمەجۆرترینن) (Baker, C. 2001: 48)، واتە هەتا زەمینەی لەبار و بواری بەکارهێنانی زمان فراوانتر بێت، ئەوە پارێزراوتر دەبێت، بە پێچەوانەوە بەکارنەهێنان و پشتکردنە زمان لە بوارێکی گرنگی وەک پەروەردە، ئەوا دابڕانی زمانە لە ژینگەیەکی گرنگی گەشەکردن، بێگومان ئەمەش دەرئەنجامی باشی نابێت.

٢- زمانەکان گوزارشت لە ناسنامەکان دەکەن، ناسنامە گرنگی بە تایبەتمەندییە هاوبەشەکانی گروپێک، کۆمەڵێک یان هەرێمێک دەدات. ناسنامە ئاسایش و دۆخی هەبوونی هاوبەش دابیندەکات. هەندێکجار ناسنامە لە ڕێگەی جلوبەرگ و بیروباوەڕی ئاینی و نەریتە، بەڵام زمان هەمیشە هێما و نیشاندەری ناسنامەیە.

-3 زمانەکان خەزێنەی مێژوون، ڕایەڵەیەکن بۆ ڕابردوو، ئامرازێکن بۆ گەیشتن بە ئەرشیفی مەعریفە و بیرو باوەڕەکانی ڕابردوو. (زمانەکان مۆزەخانەیەکی زیندوون، مۆنۆمێنتێکە بۆ هەموو کەلتوورێک) (Baker, C. 2001:51).

٤- زمانەکان بەشداری کۆی مەعریفەی مرۆڤ دەکەن، زمانەکان بینینێکن بۆ ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو، کاتێک زمانێک دەمرێت، بینینەکانی بۆ جیهان لەگەڵیدا دەمرێت، زمان نەک تەنها بینینەکانی ڕابردوو دەگوازێتەوە، بەڵکو کێشمەکێشی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و دۆستایەتی تاکەکەسی لەگەڵ دیمەنە ناوخۆیی و دەوڵەمەندیی بە ڕێکخستنی ئەزموونەکان و ڕێساکان سەبارەت بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و هەروەها بیرۆکە دەربارەی هونەر، پیشە، زانست، شیعر، گۆرانی، ژیان و مردن ، زمان دەکەوێتە چەقی پەروەردەی مرۆڤ و ناسنامە و کەلتوورەوە. ئەگەر (٦٠٠٠) زمانی زیندوو هەبێت، ئەوا (٦٠٠٠) ڕێگا هەیە بۆ باسکردنی جیهان.

٥- زمانەکان سەرنجڕاکێشن، (دەیڤد کریستاڵ) باس لەوە دەکات، کە زمان خۆی گرنگە، چونکە هەر زمانێک دەنگی جیاواز و ڕێزمان و وشەسازیی جیاوازی هەیە، ئەو زمانانەی کە لە بواری خوێندندا هەن، ئەو زمانانە زیاتر گەشەدەکەن.

هەروەها دەیڤد کریستاڵ چەند ڕێگایەک بۆ پاراستنی زمان دیاریدەکات (Baker, C. ٢٠٠١:٥٢):

١-زیادکردنی شکۆی زمان لە ناو کۆمەڵدا.

٢-زیادکردنی لایەنی ئابووری، تێکەڵکردنی زمان لەگەڵ بواری ئابووریدا.

٣-زیادکردنی هێزی زمانی مەترسی لەسەر لە بەرانبەر زمانی زاڵ.

٤-زیادکردنی ژینگەی زمان.

٥-هەبوونی جەماوەری ڕەخنەیی.

٦-ئامادەبوونێکی بەهێز لە سیستەمی خوێندندا.

٧-بەکارهێنانی لە بواری تەکنەلۆژیای ئەلیکترۆنی.

٨-هەستێکی بەهێزی ناسنامەی ڕەگەزیی (نەتەوەیی).

٩-بەرگەی کەلتووری زاڵ بگرێت و پارێزراوبێت و بە فەرمی لەلایەن کەلتوورە زاڵەکەوە بناسرێت.

کۆمەڵێک هۆکار هەن، کە دەبنە هۆی داخورانی زمانی دایک، ئەمانەن (بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە : مەحمود، ٢٠١٦: ٣٤-٤٢):

١- هۆکاری سیاسی: هەندێک لە وڵاتان فرەجۆریی زمانی بە هەڕەشە دەزانن، یان لە ئەنجامی داگیرکاری ڕێگە نادەن، گەلی ژێردەستە بە زمانی دایکی خۆی قسەبکات و بخوێنێت و ڕێگریی لێدەکەن، بەمەیش زمانی سەردەست بەسەر زمانی دایکدا زاڵدەبێت و وشە و زاراوە و کەلتوور و تێکەڵ بە زمانی دایک دەبێت، نزیکترین نموونەیش بۆ ئەم حاڵەتە (تعریبکردن و بەتورککردن و بەفارسیکردنە)، بەڵام هەندێکجار بەپێچەوانەوە بەکارهێنەرانی زمانی ژێردەست گیانی بەرگری لا دروستدەبێت و ئەم هۆکارە دەبێتە هۆی زیندووڕاگرتنی زمانەکە.

٢- هۆکاری کۆچکردن: لەم حاڵەتەدا سەرچاوەی چوونە دەرەوەی تاکەکانە بۆ دەرەوەی مەنزڵگەی زمانی دایک و لەگەڵ خۆیاندا زمانەکەیان دەبەنە دەرەوە، لەو ڕێگایەوە هەم تووشی پەشۆکاوی بەکارنەهێنان و بیرچوونەوە و کاڵبوونەوەی زمان دەبن چ لەسەر ئاستی خۆیان یان لەسەر ئاستی نەوەکانیان، واتە لە ئەنجامی دەرچوون لە ژینگەی زمانی، زمانەکە سەرەتا لە گەشە دەوەستێت، پاشان وردەوردە بەرەو داخوران و ڕەنگە تا ئاستی مردنی زمانەکەیش بچێت بەتایبەت لای نەوەکان.

٣- تێڕوانینی و هەڵوێستی قسەپێکەرانی زمانەکە: گرنگترین بنەماکانی مانەوەی زمانێک بە پاکی و دوور لە خەوشی زمانەکانی تر و خۆڕاگرتنی

ڕووبەڕووی گۆڕانکاری و لە ڕیشە دەرکێشانەکان بریتییە لە هەڵوێستی قسەپێکەرانی زمانەکە بۆ دەستنیشانکردنی ڕێز و شوێنی زمانەکەیان لە نێو زمانەکانی تردا و توانای بەرگریکردنیان لە زمانەکەیان دەردەخات.

٤- لایەنی کۆمەڵایەتی: بە بەرزڕوانین لە زمانی بیانی و بەکەمزانینی زمانی دایک، هۆکارێکە بۆ ئەوەی زیاتر وشەی بیانی بۆ بەرزکردنەوەی پلەوپایەی کۆمەڵایەتی بەکاربهێنرێت، ئەمەش هۆکارێکی تری داخورانی زمانی دایکە.

٥- خوێندن بە زمانی بیانی و پشتکردنە زمانی دایک: بەهۆی جیهانگیری و زاڵبوونی هەژموونی زمانی بیانی بەسەر زۆرێک لە زمانەکانی جیهان و بەکارهێنانی لە زۆر بواردا، هەروەها بە هۆکارەکانی تری وەک: کۆمەڵایەتی، سیاسی، کۆچ، ئابووری، ...تد، منداڵان لە خوێندن بە زمانی دایک بێبەشدەکەن و دەخرێنە ئەو قوتابخانانەی خوێندن تێیاندا بە زمانی بیانییە، ئەمەش دەبێتە هۆی دابڕان و دوورکەوتنەوە لە زمانی دایکیان، واتە ئەو ماوەیەی کە لە ژینگەی زمانە بیانییەکەدان زۆرترە لەو کاتەی، کە لە ژینگەی زمانی دایکدان، ئەمە سەرەڕای ئەوەی زۆرێک لەو قوتابیانە لە ماڵەوەیش بە هۆکاری تەکنەلۆژیا ئەو کاتەیش هەر لەگەڵ زمانە بیانییەکە تێکەڵدەبن و هۆکارێکی سەرەکی لە داخورانی زمانی دایک.

٦- شکاندنی شکۆ(غرور)ی زمان: یەکێکە لە هۆکارەکانی داخوران نەمانی شکۆی زمانییە لای قسەپێکەران، بەشێوەیەک ئەو بۆچوونەیان لا دروستدەبێت، کە زمانی دووەم باشترە بۆ قسەکردن و خوێندن، هەندێکجار دەگاتە ئەو ڕادەیەی کە شەرمدەکەن، بە زمانی دایکیان قسەبکەن و منداڵەکانیان بەو زمانە بخوێنن. بۆ نموونە لە هەرێمی کوردستاندا زمانی دووەم (ئینگلیزی) چووەتە پرۆسەی پیرۆزڕاگرتن و دانانی زمانی دووەم بە زمانی پێشکەوتن و زانست، لە کاتێکدا زمانی دایک هیچ ڕێگر نییە لە بە زانست بیرکردنەوە، باشترین نموونەیش زمانەکانی (یابانی، چینی، کۆری، ئەڵمانی،...تد)، کە سەرەڕای بوونی زمانی دایک وەک ناسنامەی کەلتووری و نەتەوەییان بووەتە زمانی زانست، زمانی دایک خراوەتە پێناو بەزانستبوونەکەو لە هەمان کاتدا گەشەی گەشەی زمانە دایکەکە زەنگین و بەردەوامبووە، لە هەرێمی کوردستاندا زمانی کوردی تاوەکو ئێستا نەگەیشتووە بەو ڕادەیەی، کە خەڵک شەرمبکات، بە زمانی کوردی قسەبکات، هێشتا زمانی ڕاگەیاندن و بەشێک لە قوتابخانەکانە هەرچەندە ژمارەی ئەو قوتابخانانەی، کە بە زمانی بیانی دەخوێنرێت، لە زیادبووندایە، بە چاوێکی بەبایەختر و گرنگتر لەو قوتابخانانەی بە زمانی کوردی دەخوێنن، تەماشادەکرێت، تەنانەت زۆر لە مامۆستایانی بەشی کوردی زانکۆکانیش لە ئێستادا منداڵەکانیان لەو قوتابخانانە دەخوێنن، بەڵام هێشتا زمانی ڕاگەیاندن و زۆرێک لە قوتابخانەکانە. بەرزبوونەوەی شکۆی زمانی بیانی و دابەزینی شکۆی زمانی کوردی ڕۆژ دوای ڕۆژ ڕووی لە زیادبوون کردووە و ڕۆژان گوێمان لە چەندین دیاردەی کۆدتێکەڵکردن و کۆدگۆڕین دەبێت، وەکو نیشانەی پێشکەوتن و پلەوپایەی بەرز تەماشادەکرێت، بۆ نموونە وشەکانی (چەینج کەلەر، هۆلیود سمایل، بێست فرێند، سەدان و هەزاران وشەی تر) تێکەڵ بە زمان دەکرێت.

## ئەنجامەکان:

١- بەکارهێنانی زمان لە قوتابخانە بە شێوەیەکی پاراو و ستاندارد دەبێتە هۆی پەخشکردنی کۆدە دروست و ستانداردەکان بۆ ناو کۆمەڵ، لەم ڕێگەیەشەوە کۆدە گشتییەکان دروستدەبێت، بەمەرجێک قوتابی بە هەمان زمانی کۆمەڵەکەی بخوێنێت. لە هەمان کاتدا قوتابی ئەو کۆزانیارییەی، کە لە ڕێگەی زمانەکەیەوە لە کۆمەڵ بەدەستیهێناوە، یارمەتیدەری دەبێت لە پرۆسەی پەروەردەدا.

٢- پەروەردەی جووتزمانی کاریگەریی خراپی بۆ سەر قوتابی هەیە و ڕێگرە لەبەردەم بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و داهێنەرانە، هەستی خۆ بەکەمزانین لای قوتابی دروستدەکات، کاریگەریی خراپی لەسەر لایەنی زیرەکی و دەروونی قوتابیان هەیە و گەشەی کۆزانیاریی زمانی و نازمانیان دوادەخات.

٣- کاریگەریی نەرێنی بۆ سەر کەلتوور و نەتەوە هەیە، چونکە دەبێتە هۆی داپچڕانی لەگەڵ نەتەوە و کەلتوورەکەی خۆی و پەیوەندیی لەگەڵ کەلتوور و نەتەوە و شارستانیەتی ئەو زمانەی کە پێدەخوێنێت، بەهێزدەبێت و دڵسۆزی بۆ هەموو ئەو شتانە نامێنێت، کە هی خۆی

و نەتەوەکەی خۆین.

## سەرچاوەکان:

### یەکەم/ بە زمانی کوردی:

**ا. کتێب:**


١- پرۆژە دەستووری هەرێمی کوردستان-عێراق، ٢٠٠٩.

٢- جامباز، تاریق (٢٠٠٥)، زمانە فەرمییەکان لە دەستوری وڵاتە  فیدراڵییەکاندا، سلێمانی.

٣- حسین، شیلان عومەر (٢٠٢١)، زانستی زمانی کارەکیی، چاپی یەکەم،  چاپخانەی پیرەمێرد.

٤- دەستووری کۆماری عێراق (٢٠٠٥).

٥- سورمێ، هەژار عەزیز (٢٠٠٩)، لەبارەی جارنامەی مافی مرۆڤەوە، هەولێر.

٦- ۆچ، میدڵ ویست (٢٠٠٤)، جینۆساید لە عێراقدا، پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد، و/ محەمەد حمەساڵەح تۆفیق، سلێمانی.

ب. نامە ئەکادیمییەکان:

٧- عەبدوڵڵا، هیوا مەولود (٢٠١٦)، ئەنالۆژیای کۆدگۆڕینەوە لە زمانی کوردییدا، نامەی ماستەر، بەشی کوردی - سکوڵی زمان - زانکۆی سلێمانی.

٨- فەقێ ئەمین، هەوار عومەر (٢٠١٥)، بنەماکانی زمانی پەروەردەیی لە پرۆگرامی خوێندندا، نامەی ماستەر، بەشی کوردی . سکوڵی زمان . فاکەلێتی زانستە مرۆڤایەتییەکان - زانکۆی سلێمانی.

٩- کریم، ئاسۆ عبدالرحمن (٢٠١٩)، ستراتیژە کۆزمانەوانییەکان لە فێربوونی زمانی دووەمدا، تێزی دکتۆرا، بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

**پ. گۆڤار:**

١٠- ئەمین، هاشم (٢٠١٧)، زمانی فەرمی و پێگەی زمانی کوردی لە نێو زمانەجیهانییەکاندا، مجلة جامعة التنمبة البشرية، مجلد٣،عدد٢.

١١- برزو، ئومێد بەرزان (٢٠١٦)، پلانی زمانی و ئاسایشی زمانی نەتەوەیی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (٥٠)، بەشی (B).

١٢- حسێن، شیلان عومەر (٢٠١٦)، داخورانی زمانی دایک، بنەماو پەسنکردن، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ،ژمارە (٥٠).

١٣- علی، بدرخان سلێمان (٢٠١٦)، ڕادەو ڕێژەی پێوەری زیندوێیەتی زمانی کوردی، گۆڤاری ئوستاز، زانکۆی بەغداد، ژمارەی تایبەت بە چوارەمین کۆنفرانس.

١٤- فەرەج، شاخەوان جەلال و مەحمود، ئاڤێستا کەمال (٢٠١٣)، ڕێکخستنەوە و چالاککردنەوەی فۆرمە زمانییەکان لە نێوان پرۆسەکانی بەکارهێنانی زمانی یەکەم و دووەم، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (٤٣)، سلێمانی.

١٥- مەحمود، ئاڤێستا کەمال (٢٠١٦)، پێکداچوونەکانی نێوان فەرهەنگی ئاوەزیی و پەنابەرێتی زمانیی (هەژموونی زمانیی نێوان زمانی کوردی و زمانی ئینگلیزی بە نموونە)، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (٥٠)، بەشی (B).

ت. کۆنفرانس:

١٦- مەحمود، ئاڤێستا کەمال (٢٠١٢)، خوێندن بە زمانی کوردی لە خوێندنگاکاندا پەیوەندییەکانی بە جۆراوجۆری زمانی و ناسنامەی نەتەوایەتییەوە، کۆنفراسی زانستی ساڵانەی زمانی کوردی، هەولێر.



(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

**دووەم/ بە زمانی عەرەبی:**


١٧- الحاج، كمال يوسف (١٩٦٧)، في فلسفة اللغة، دار النهار للنشر، بيروت، لبنان.

١٨- الحارثي، إبراهيم بن أحمد مسلم (٢٠١١)، تأثير التعليم ثنائي اللغة على اللغة الأم (أثر التعليم باللغة الأجنبية على التعليم باللغة العربية، نموذجا).

١٩- المعتوق، احمد محمد (1996)، الحصلية اللغوية- اهميتها- مصادرها- وسايل تنميتها، علم المعريفة، عدد 212، الكويت.

٢٠- براون، هـ. دوجلاس (١٩٩٤)، ترجمة/ عبده الرجحى و علي احمد شعبان، اسس تعلم اللغة و تعليمها، دارالنهضة العربية، بيروت.

٢١- بن محمد، نورالدين دريم (٢٠١٥)، اثر التداخل اللوغوى فى العملية التعليمية، جامعة حسبيه بن بو على الشلف- مخبر تعليمية اللغات وتحليل الخاطاب، مجلة جسور المعريفة، الجزائر.

٢٢- محمود، ابراهيم كايد (٢٠٠٢)،العربية افصحى بين الإزدواجية اللغوية والثنائية اللغوية، مجلة العلمية لجامعة الملك فيصل - العلوم الإنسانية والإدارية، المجلد الثالث- العدد الأول.


**سێیەم/ بە زمانی فارسی:**


23- كلانترى، رضا و خديوى، اسداله و فتحى، اسكندر اذر و بهنام، بيوك (١٣٩٠)، بررسى روش هاى مناسب أموزش دوزبانه، فصلنامه نواورى هاى اموزشى، شماره ٣٩، سال دهم.


**چوارەم/ بە زمانی ئینگلیزی:**


24- Baker, C. (2001), Foundations of Bilingual Education and Bilingualism, British Library Cataloguing in Publication Data, ISBN1-85359-524-1 (hbk).

25- Ball, J. Enhancing learning of children from diverse language backgrounds: Mother tongue-based bilingual or multilingual education in early childhood and early primary school years, University of Victoria, for UNESCO.

26- Wong fillmor, L. (1991), when losing a second-language means losing the first. Early Childhood Research Quarterly 6.


**پێنجەم/ ئینتەرنێت:**


27- https://www.visualcapitalist.com/100-most-spoken-languages